مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

# أنماط الهوية الأكاديمية لدى طلبة رياض الأطفال/الجامعات في إقليم كردستان

## دراسة مُتحدِّثة

**هێمن أسماعيل جبار مجيد**

**جامعة كرميان،كلية التربية،قسم التربية وعلم النفس، إقليم كردستان العراق.**

hemin.ismail@garmian.edu.krd

**المشرف : أ.د.نيان نامق صابر**

**جامعة سليمانية، كلية التربية الأساسية،قسم رياض الأطفال،إقليم كردستان العراق.**

nian.sabir@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: المنهج، الهوية الأكاديمية، رياض الأطفال، جامعات كردستان

**كيفية اقتباس البحث**

مجيد , هێمن أسماعيل جبار , نيان نامق صابر , أنماط الهوية الأكاديمية لدى طلبة رياض الأطفال/الجامعات في إقليم كردستان دراسة مُتحدِّثة, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Academic identity patterns among kindergarten students in Kurdistan Regional University

**Hemn Ismail Jabar Majed**
**Garmian University , College of Education, Department of Education and Psychology, Kurdistan Region–Iraq**
hemin.ismail@garmian.edu.krd.

**Supervisor:Prof. Dr. Nian Namiq sabir**
**Sulaymaniyah University, College of Basic Education, Department of Kindergarten, Kurdistan Region-Iraq.**
nian.sabir@univsul.edu.iq

**Keywords** : Method, Academic Identity, Kindergarten, Kurdistan Universities.

**How To Cite This Article**
Majed ,Hemn Ismail Jabar ,Nian Namiq sabir ,Academic identity patterns among kindergarten students in Kurdistan Regional University ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
The aim of the study is to determine the level of academic identity patterns among kindergarten students and, statistically significant differences in academic identity patterns according to variables (stage of education, place of residence, universities) among kindergarten students/universities in the Kurdistan Region. Descriptive analytical method was used and the research population consisted of (500) female students for grades (first-fourth), randomly selected in class and data analysis was based on statistical database for educational and

psychological sciences (SPSS). Academic identity is based on the level of education among students in the kindergarten department of Kurdistan Regional University. The highest rank in the dimension of academic identity is achieved because the proportion of students is in the middle rank The academic identity is at a low level because academic education in universities is only for relationships with the opposite sex. There is a significant difference between the first and fourth stages of academic identity in Kurdistan universities There is no difference between the dimensions of academic identity in the Kurdistan Regional Government (KRG) universities, followed by Erbil University, followed by Kalar, Halabja, Sulaimani and Raperin The variable, which refers to differences by stage and place of residence in universities, is directly related to each other, and there are significant differences in the measure of academic identity according to the overall sample of research that varies between universities and according to dimensions of academic identity.

**ملخص :**

تهدف الدراسة إلى تحديد مستوى أنماط الهوية الأكاديمية لدى طلبة رياض الأطفال، والفروق ذات الدلالة الإحصائية في أنماط الهوية الأكاديمية وفقاً لمتغيرات (المرحلة التعليمية، مكان السكن، الجامعات)،أُجريت الدراسة على طالبات رياض الأطفال في جامعة إقليم كردستان، واستخدمت المنهج الوصفي التحليلي، وبلغ مجتمع البحث(٥٠٠) طالبة من الصفوف(الأول – الرابع)،تم تحليل البيانات باستخدام برنامج(**SPSS**)، وأظهرت نتائج الدراسة وجود فروق في مستوى الهوية الأكاديمية تبعًا للمستوى التعليمي بين طلاب رياض الأطفال و رياض الأطفال و،أعلى مرتبة في بعد الهوية الأكاديمية وهي أعلى مرتبة للبعد وذلك لأن نسبة الطلبة في المرتبة المتوسطة لتحقيق العمل الأكاديمي والحياة الخفية ومواصلة دراستهم الأكاديمية وأدنى مستوى قدم في أسلوب الهوية الأكاديمية(إن البعد المتعلق بهوية باشيو الأكاديمية هو في مستوى منخفض،لأن التعليم الأكاديمي في الجامعات مخصص فقط للعلاقات مع الجنس الآخر،لا يوجد فرق في مكان الإقامة بين سكان وسط المدينة وخارجها، ونسبتهم أعلى في خارج المدينة، ونسبة الإقامة في وسط المدينة مختلفة عن خارج المدينة و،هناك فرق بين أبعاد الهوية الأكاديمية جامعات إقليم كردستان،وتأتي جامعة اربيل في المرتبة الاولى تليها كلار وحلبجة والسليمانية ورابرين مما يدل على الفروقات بحسب المرحلة ومكان الاقامة في الجامعات و،ترتبط هذه الأبعاد ببعضها البعض بشكل مباشر، وتوجد فروق ذات دلالة إحصائية في مقياس الهوية الأكاديمية وفقاً لعينة البحث الكلية التي تختلف بين الجامعات ووفقاً لأبعاد الهوية الأكاديمية.

## شێوازەكانی شوناسی ئەكادیمی لە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان/لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان

هێمن أسماعیل جبار مجید: زانكۆی گەرمیان،كۆلێژی پەروەردە، بەشی پەروەردە و دەروونناسی، هەرێمی كوردستان– عێراق

hemin.ismail@garmian.edu.krd

سەرپەرشتیار: پ.د.نیان نامق صابر، زانكۆی سلێمانی ، كولێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی باخچەی منداڵان،هەرێمی كوردستان– عێراق.

nian.sabir@univsul.edu.iq

**پوختە :**

ئامانجی توێژینەوەكە بریتیە لە زانینی ئاستی شێوازەكانی شوناسی ئەكادیمی لە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان و، جیاوازی ئاماری واتادار لە شێوازی شوناسی ئەكادیمی بەپێی گۆڕاوی(قۆناغی خوێندن، شوێنی نێشتەجێبوون،زانكۆكان)لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان/ لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان ئەنجامدراوە. میتۆدی ڕێبازی وەسفی شیكاری بەكارهێنراوە و،كۆمەڵگەی توێژینەوەكە پێكهاتووە لە(٥٠٠)خوێندكار لە ڕەگەزی(مێ)بۆ قۆناغەكانی(یەكەم–چوارەم)،بە شێوەیەكی هەڕەمەكی چینایەتی هەڵبژێراوە و،بۆ شیكردنەوەی داتاكان پشتبەستراوە بە هەگبەی ئاماری بۆ زانستە پەروەردەیی و دەروونیەكان بە(SPSS)ئەنجامدراوە،ئەنجامی توێژینەوەكە دەریخستووە، كە جیاوازی هەیە لە ئاستی شێوازی شوناسی ئەكادیمیدایە بە پێی (قۆناغی خوێندن) لە لای خوێندكارانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان لە بەشی باخچەی منداڵان و،بەرزترین پلە لە ئاستی ڕەهەندی شوناسی ئەكادیمی بە دیهێنراو كە پلەی بەرزی بۆ ڕەهەندەكە داڕێژراوە،جونكە ڕێژەی خوێندكارانی لە پلەی ناوەندییدایە بۆ بە دیهێنانی كارە ئەكادیمی و شاراوەكانی ژیانیان و بەردەوامبوونی خوێندنی ئەكادیمیان و نزمترین ئاست كە لە شێوازی شوناسی ئەكادیمیدا خراوەتەڕوو بۆ(ڕەهەندی شوناسی ئەكادیمی پەشێو)لە ئاستێكی نزمدایە،جونكە خوێندنی ئەكادیمی لە زانكۆكاندا تەنها بۆ پەیوەندییە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا و،جیاوازییەكی بەرچاو بۆ شێوازی شوناسی ئەكادیمی بە پێی(قۆناغی یەكەم)و(قۆناغی چوارەم)لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستانە و، ناوەندییان وەكو یەكە، كە بە پێی هەستكردنی خوێندكارانە و، نەبوونی جیاوازی لە شوێنی نێشتەجێبوونە بۆ ناوەوەی شار و دەرەوەی شار و،ڕێژەكەیان لە دەرەوەی شار زیادترە و،ڕێژەی نێشتەجێبوون لە ناوەوەی شار جیاوازترە لە دەرەوەی شار و،جیاوازی لە نێوان ڕەهەندەكانی شوناسی ئەكادیمیدایە لە(زانكۆكان)ی

هەرێمی کوردستانە، کە لە زانکۆی هەولێر بە پلەی یەکەم دێت و،دواتر کەلار و هەڵەبجە و سلێمانی و ڕاپەڕین دێت بۆ گۆڕاوەکە و، ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیاوازی بە پێی قۆناغ و شوێنی نیشتەجێبوون کە لە زانکۆکاندا هەیە و،پەیوەندییەکی ڕاستەوانەییان پێکەوەیە و،جیاوازییەکی بەرچاو لە پێوەری شوناسی ئەکادیمیدایە بە پێی نمونەی گشتی توێژینەوەکە کە لە نێوان زانکۆکاندایە و،بە پێی ڕەهەندەکانی شوناسی ئەکادیمی دەگۆڕێت.

**کلیلە ووشە: شێواز، شوناسی ئەکادیمی ،باخچەی منداڵان،زانکۆکانی کوردستان.**

1.**بەشی یەکەم:چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە**

1-1**پێشەکی:** لە پێناو فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لە بار و گونجاو بۆ خوێندن و پرۆسەی گەشەپێدانی خوێندکاران بۆ بارودۆخی خوێندنی زانکۆ و بەردەوامبوونی خوێندکار لە پرۆسەی شوناسی ئەکادیمی, پێویستە ڕەچاوی چوار دەوری کۆمەڵگە بکرێت بۆ مامەلەکردن لەگەڵ لایەنە ئەکادیمیەکاندا و، پابەندبوونی خێزانەکان بۆ بایەخپێدانی نەوەکانیان لە داهاتوودا ڕۆڵی سەرەکی هەیە بۆ گەشەسەندنی خودی خوێندکار و توانا و لێهاتووەکانی لە پرۆسەی خوێندنی زانکۆیدا، بۆیە پیویستە بە گرنگی بەزانین کە مرۆڤ بە پێی بارودۆخی ژینگەی(خێزانەکان و هاورێیەکانیان و تۆرەکۆمەڵایەتیەکان)لەگەڵ کاتی بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژاندا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و فشارە هەڵچوونیەکانی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە و،ڕەفتارەکانیان لە دەرەوەی زانکۆ و ناوەوەی زانکۆ ئەنجام دەدەن و، بەم شێوەیە یارمەتیدان بوونی هەیە لە پرۆسەی پشتگیریکردنی شوناس لە هەموو لایەنەکانی ژیان و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، ئەمەش ئاسانکاری بۆ گەنجان دەکات بۆ گەیشتن بە شوناسی ئاسایی کەسێتی و کۆمەڵایەتی خۆیان ،بێ گومان شوناسی ئەکادیمیش بە تەنها بە دەستتایەت ئەگەر هەلومەرجی گونجاوی نەبێت کە بوونی ئاستێکی دروستی دەوێت تا مرۆڤ بەتوانێت پێبگات و.شوناس یەکێکە لە گرنگترین گۆڕانکارییە گەشەسەندنەکان کە لە کەسێتی مرۆڤدا ڕوودەدات، بەو پێیەی پەیوەستە بە توانای مرۆڤ بۆ دیاریکردنی بیروباوەڕ و ڕۆڵەکان لە ژیاندا و،دەبیتە هەولدان بۆ گەیشتن بە تواناکان و،گەنجان لە لێواری بەزاندنی ڕێگاکاندان یان ئەوان سەرکەوتوو دەبن لە بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی ئەرێنی، یا دەبنە شکستهێنانیان لە گەیشتن بە ناسنامەکەیان و پێناسەکردنی ئامانج و ڕۆڵەکانیان لە ژیان.

مرۆڤ ڕووبەڕووی سەختی و دۆخە سترێسییەکان دەبنەوە کە ڕەنگە بە شێوەیەکی کاریگەر و لێهاتووانە بەرکەوتەییان هەبێت، مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەو ئەرکە و ئالینگاریانە دەبێتەوە و،دەبێتە هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ کەسێتی و توانای بەردەستەکانی خۆی،بە پێی پێشکەوتنی ئەو خوێندنە ڕووبەڕووی مەرجەکانی سەرکەوتن دەبێتەوە لە زانکۆ و،ژینگەی زانکۆ کۆمەڵێک ئەزموون

دەرەخسێنێت،لە کاتی خوێندنی زانکۆدا کێشەی قەیرانی شوناس و ململانێ و جیاوازی ئاستی خوێندنی خودی دەردەکەوێت و،خوێندکاران کە بەرەورووی بارودۆخی ژیان دەبنەوە بە پێی ئەو قۆناغەی ژیانیان،کە کۆمەڵێک گۆڕانکاری فیسۆلۆجی ودەرونی وکۆمەڵایەتی و پەروەردەییدا تێپەڕ دەبن.(ئێریکسۆنEricsson)پێیوایە کەسێتی مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا دروست دەبێت کە مرۆڤ پێدا تێپەڕ دەبێت،لە دایک بوونەوە تا قۆناغی گەورەیی و، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرکەوتن و شارەزابوون لە ئەرکێکی پەرەسەندندایە و لە قۆناغێکدایە کە پێویستی بە شارەزابوون وەکو لە قۆناغی پێشخۆی(زەید،٢٠١٣)(تمارە،٢٠١٦:٢١٣)، (ئێریکسۆنEricsson)دووپاتی کردەوە کە لە سەرەتای تەمەنی هەرزەکاریدا مرۆڤ شاهیدی قەیرانێکی دەروونییە کە پەیوەندی بە شوناسەوە هەیە، کە تا سەرەتای تەمەنی گەورەیی بەردەوام دەبێت، (ئەلزوبەیدی،٢٠١٧: ١٢٨)(البردارین و غیث،٢٠٠٣)شوناس وەک لایەنێکی بنەڕەتی و سروشتی مرۆڤ سەیر دەکرێت، کە بە قووڵی بەستراوەتەوە بە پاشخانەی کلتووری و نەتەوەیی کەسەکەوە،بە جۆرێک شوناسی مرۆڤ لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە نەریت وبەها و نۆرم و میراتی گروپی نەتەوەیی یان کلتوورییەکەوە (مەعروف ،٢٠٢٥:٥) توێژەر تێبینی کردووە کە بەشێک لە خوێندکاران ناچارن شانبەشانی خوێندنی زانکۆیی کاربکەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخە ئابوورییە سەختە ببنەوە کە تووشی دەبن سەرەڕای فراوانبوونی دیاردەی ئەو خوێندکارانەی کە جگە لە خۆیان کاردەکەن و پابەندبوونە بە خوێندنەوە، ئەکادیمییەکان دەبینن کە کاری خوێندکارەکانە و کێشەیەک بۆ ئەوە دروست ناکرێت.ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە کە ئایا:

١. ئاشکراکردنی شێوازەکانی شوناسیی ئەکادیمی باو لە نێوان خوێندکارانی بەشەکانی باخچەی منداڵان لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی گەرمیان لە چ ئاستێکدایە ؟

٢. جیاوازی لە شێوازی شوناسی ئەکادیمیدا هەیە بە پێی(قۆناغی خوێندن،شوێنی نیشتەجێبوون وزانکۆکان)لە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی؟

**١_٢گرنگی توێژینەوەکە:**

قۆناغی زانکۆ یەکێکە لە قۆناغە پەروەردەییە گرنگەکان کە تیایدا خوێندکار دەست دەکات بە فێربوونی بەها و بیروباوەڕی ئەکادیمی خۆی و،پاشان ئامانجە ئەکادیمییەکانی خۆی دیاری دەکات و پابەند دەبێت بەو بنەما وئەرکانەی کە ئەو ئامانجانە بە دەستی دەهێنێت و، ئاگاداری ڕادەی لێهاتوویی و توانای خۆی دەبێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە لێی دەخوازرێت،

پەرەپێدانی شوناس لە بواری ئەکادیمیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆ لە توانا مادییەکانیان،ئارەزووەکانیان،بەرژەوەندییە ئەکادیمییەکانیان،کارلێکی کۆمەلایەتی، بەشداریکردنیان لە ئەزموونی زانکۆ و چالاکییە پەروەردەییەکاندا و،کاریگەرییەکی زۆر گرنگی لەسەر دەستکەوت و دەستکەوتی ئەکادیمی و دواتر پەرەپێدانی شوناسی پیشەییدا هەیە، و پێویستە مامۆستا ئەرکی ئەو فێرخوازانە رێک بخات بۆ ئەوەی بڕوایان بە خۆیان و دەوروبەریان هەبێت،و پێشوازییان لێبکرێت بۆ ئەوەی بڕوای زیاترییان بەخۆیان و دەوروبەرییان هەبێت بە شێوەیەکی سەربەخۆییانە و دەبێت بەردەوام لە ڕۆڵی کۆنترۆڵکردنی شتەکان ئاشنا بێتەوە،و گرۆپەکان هان بدرێت بۆ بڕیاردان و بەشداریکردن لە چالاکییەکان(عەسەف،ئەبوباتنین،٣٤:٢٠٠١).

**١ _٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە :** ئامانجی توێژینەوەکە زانینی :

١.ئاستی شوناسی ئەکادیمی لە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان.

٢.جیاوازی ئاماری لە شێوازی شوناسی ئەکادیمی بە پێی گۆڕاوی(قۆناغی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون،زانکۆکان)لە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان،کۆلێجی پەروەردەیی بنەڕەت/ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

**١_٤ سنوری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەی ئێستا بۆ خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتیە لە بەشی باخچەی منداڵان بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕەگەزی(مێ)، بۆ ساڵی(٢٠٢٤_٢٠٢٥).

**١_٥ پێناسەی زاراوەکان :** توێژەر زاراوەی توێژینەوەکەی بەم شێوەیە پێناسە کردووە :

**١_٥_١ : شوناس**

– شوناس:لە زمانی عەرەبیدا(الهویة)پێ دەوترێت کە لە(هو) هاتووە،ئەمیش بە مانای (ئەو)دێت.واتا (ئەو)کە هەڵگری سیما و تایبەتمەندی جیاواز لەوانی دی هەیە و بە هۆیەوە تاکێتی بوونی دەپارێزێت،لەوانی دی جیا دەکاتەوە.(عبدالله،٦:٢٠٢٤)

شوناس:بریتیە لە هەستکردن بە جیاوازی کەسێتی ، هەستی بەردەوامی کەسێتی ،هەستی سەربەخۆیی کەسێتی.(گوڵمحەمەدی،٢٢١:٢٠٠٧)

**١ _٥_٢شوناسی ئەکادیمی:**

_ (وێڵچ و هودجز Welch and Hodges,١٩٩٧) "پابەندبوونی کەسی لە ئاستێکی جیاوازدا، ئارەزوو و پێداگری لەسەر تەحەدا، خەبات، وروژاندن و لێبوردەیی نائومێدی لە کاتی پرۆسەی فێربووندا".(١: Decandia, ٢٠١٤ )

_ (بیرزونسکي, Berzonsky 1989) "کۆمەڵێک ستراتیژی مەعریفی و کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤ لە دۆزینەوە و بڕیاردان سەبارەت بە زانیارییەکانی پەیوەست بە خۆی بەکاری دەهێنێت، چوار شێواز لەخۆدەگرێت(شێوازی شوناسی زانیاری، شێوازی شوناسی ستاندارد، شێوازی شوناسی دوورکەوتنەوە، پابەندبوون بە شێوازی ناسنامە.(Berzonsky , 1992:771 – 788 )

پێناسەی تیۆریی:بۆ شوناسی ئەکادیمی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: "هەستی خوێندکارە بۆ ئەوەی کێی لە دامەزراوەی پەروەردەیی خۆیدایە، کە ڕەنگدانەوەی شرۆڤە و تێڕوانینەکانیەتی بۆ دەستکەوتە ئەکادیمییەکانی و بۆ توانای بەدەستهێنانی.

پێناسەی ڕێکاری:ئەو نمرەیە کە خوێندکار لە پێوانەکردنی پێوەری شوناسی ئەکادیمی بە دەستی دەهێنێت و دەپێورێت .

## ٢.بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

**شوناسی ئەکادیمی(الهوية الاكاديمية)**:بە مەبەستی شرۆڤەکردنی ئەم گۆڕاوە پشتبەستراوە بە ئەدەبیات و تیۆرەکانی پەیوەست بە بابەتەکە :

شوناس یەکێکە لەو چەمکانەی کە سەرنجی زۆرێک لە توێژەران و پسپۆڕانی بواری دەروونی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسیی ڕاکێشاوە،ناڕوونی و ئاڵۆزییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری فرەچەشنی و لایەنەکانی،زۆری تیۆرییەکان و پێناسەکان پەیوەندییان بە شوناسەوە هەیە. کەواتە شوناسی هەر تاکێک لە ڕێگەی مێژوو و ئەزموونەکانی پێشوو بنیادئەنرێت،ئەویش خۆی لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ،ئەو ژینگەی کۆمەڵایەتی ودەروونیەی دەبینێتەوە،کەواتە بەم پێیە ،شوناس بابەتێکی بونیادنراوە،بەڵام نابێت ئەوە لە یاد بکەین،کە شوناسی مرۆڤەکان بە پێی بارودۆخ و ڕووداوەکانی ژیان گۆڕانکاری بە سەردا دێت،بۆیە هیچ مرۆڤێک خاوەن شوناسێکی جێگیر نییە.(زاهد،٢٠٢٣:٧٨).

پرسیارە گرنگە سەرەکییەکان لەم قۆناغەدا کە لە دەوری ئەوە دەسوڕانەوە، ئایا مرۆڤ قەیرانێکەی چارەسەر کردووە و،بە ڕوونی لە پرسی شوناس تێگەیشتووە و جێگرەوەی دۆزیتەوە و،ئایا مرۆڤ پابەندبوونی بەدەستهێناوە یان نا(واتە سەرکەوتووە لە دۆزینەوەی وەڵامی باوەڕپێکراوەکان بۆ پرسیارەکانی پێشوو)لەسەر بنەمای قەیران و پابەندبوونی بابەتەکە، شوناسی ئەکادیمی پۆلێن دەکرێت بۆ چوار شێواز ،لە شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمی(انماط الهوية الأكاديمية)کە ئەمانەی خوارەوەیە :-

<u>١.شوناسی ئەکادیمی بە دیهێنراو (المحققة)(Achieved Academic Identity)</u>:ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازەی کە خوێندکار پابەندبوونی تەواو بە کۆمەڵێک ئامانج و بەهای ئەکادیمیەوە

نیشان دەدات، کە دوای ماوەیەک لە دۆزینەوە و هەڵبژاردن و دانوستانی ناوەکی لەگەڵ خود و دەستکەوتەکانی و دانوستانی دەرەکی لەگەڵ ئەو داتایانەی کە لە ژینگەی زانکۆدا بەردەست دەبێت،بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا خوێندکار بگاتە وێنایەکی ڕوونی ئامانج و ڕۆڵ و ئەکادیمییە بەرپرسیارێتیەکان، لەم شێوازەدا خوێندکار لە بری بەکارهێنانی ڕەفتارە بەربەستەکان ستراتیژیە سەرکەوتووەکان دەگرێتەبەر بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی.(Hofstede,١٩٨٠ ,١٩٨٩riandisT ).

**٢. شوناسی ئەکادیمی هەڵپەسێردراو (المعلقة)( Moratorium Academic Identity):**

لەم شێوازەدا خوێندکار هەوڵی گەیشتن بە کۆمەڵە ئامانج و بەها ئەکادیمییەکانی خۆی دەدات، لە ڕێگەی دۆزینەوەی وردە و چالاکانە کە لە بژاردە کەسی و ئەکادیمییەکانی بەردەستە و،دۆخێکی دوودڵـی و ئەکـادیمی ونادڵنیـایی نیشـان دەدات و،بە تەواوی پابەنـد دەبێـت بە ئامـانج و بەهاکانەوە،بوونی ئەم قۆناغە بە وێنایەکی ناڕوونی شوناسی ئەکادیمی دەردەکەوێت ،قۆناغێکە کە ڕێگا خۆش دەکات بۆ شوناسی ئەکادیمی بەدەستهێنراو ،خوێندکاران پابەندبوونێکی لاوازیان هەیە و، لە ئەرکە ئەکادیمییەکانیدا دڵەڕاوکێیان هەیە و نـاڕازین لە دامەزراوە پەروەردەییەکـان،بە شێوەیەک کاتی ڕەتدەکرێتەوە کە لە باوان و مامۆستایان و ئەوانی دیکە.

**٣. شوناسی ئەکادیمی داخراو (المغلقة)(Foreclosed Academic Identity ):** لەم شـێوازەدا خوێنـدکار کۆمەڵێـک ئامـانج و بەهـای ئەکـادیمی دەگـرێتەبەر کە لەلایەن کەسـانی تر(باوان، مامۆستا، هاوڕێ..) دیاری کراوە و، ئاشکرایە پابەندبوونی تەواو بەو ئامانج و بەهایانە نیشان دەدرێت ،بە بێ دەستکاریکردن و بێ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەی گونجاو لە پێش پابەندبوون پێیانەوە،خوێندکاران پابەندبوونێکی ڕەق ونەگۆڕیان هەیە،بە هۆی پێویستی خستنەڕووی بەجێگەیاندنی تواناکان بە ئەرکە تایبەتەکانەوە،خوێندکارانی ئەم شیوازە ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەژێر فشاردانە،ئەم بارودۆخە لەنێو خوێندکارانی زانکۆدا بەزۆری لە ئەنجامی پابەندبوونێکی پێشووترەوەیە، کە لە ئەنجامی فشاری هێزە دەرەکییەکانی و،فشاری باوان بۆ چوونە کۆلێژە،خـاوەنی ئەم شوناسـە بە ئـاواتخوازی و وابەسـتەی داب و نەریتـی دەردەکەوێـت. (Kidwell & Jackson,Dunham,١٩٩٠Waterman,,١٩٩٠ Adams,Dyk & Bennion,١٩٨٧).

**٤- شوناسی ئەکادیمی پەشێو (المضطربة)( Diffused Academic Identity ):** لەم شێوازەدا خوێندکار شکستیهێناوە لە بڕیارەکانی کە پەیوەستن بە ئامانج و بەها ئەکادیمییەکان و ناتوانێـت پابەنـد بێـت پێیـانەوە و،خوێنـدکاران گـرنگینەدان بە پرۆسـەی خوێنـدن،بێباکەن لە

بەجێهێنانی ئەرکە ئەکادیمییەکان و،دواخستن بۆ خوێندن دەکات و،بێ سەروبەری پێوە دیارە،خوێندکارانی ئەم شێوازە بەشداری لاوازی ئەکادیمی بە نارێکخراوی دەکەن و،(Marcia,١٩٨٠)پشتبەستن بەو بیرۆکانەی باسکران جیاوازی لە(شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمیدا)لە دوو هۆکار بنەڕەتی دەردەکەوێت،بریتین لە :

**أ – دۆزینەوە(الاستكشاف):**

ئەو پرۆسەیە کە خوێندکار کۆمەڵە بنەما و بەها و ئامانجە ئەکادیمییەکانی خۆی دیاری دەکات،لە ڕێگەی توێژینەوە و بژاردەکان لە چەند جێگرەوەیەک کە لەگەڵ ژینگەی زانکۆدا دەگونجێن و بەردەستن.

**ب – پابەندبوون(الالتزام):**

ئەو پرۆسەیە کە خوێندکار توانای پابەندبوونی لە بواری پراکتیکی ئەکادیمی و ستراتیژیی کاریگەر دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە ئاستی ئەوانەی تر،کە یارمەتی دەدەن بۆ دەستکەوت و گەیشتن بە ئامانج و بەها ئەکادیمییەکانی.(زاهد،٢٠٢٣ :٨٩).

بە پێی ئەم دوو هۆکارە دەتوانرێت شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمی بەم شێوەیە پۆلێن بکرێت:–

- شوناسی ئەکادیمی بە دیهێنراو بریتیە لە دۆزینەوەیکی بەهێز و پابەندبوونی بەهێز.
- شوناسی ئەکادیمی هەڵپەسێردراو بریتیە لە دۆزینەوەیەکی بەهێز و پابەندبوونی لاواز.
- شوناسی ئەکادیمی داخراو بریتیە لە دۆزینەوەیەکی لاواز و پابەندبوونی بەهێز.
- شوناسی ئەکادیمی پەشێو بریتیە لە دۆزینەوەیەکی لاواز و پابەندبوونی لاواز لە خۆ دەگرێت(لەتفی،٢٠٢١ : ٢٧٨).

**تیۆرەکانی شێوازی شوناسی ئەکادیمی(نظرية الهوية الاكاديمية)**:ئەو تیۆرانەی باسی شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمیین کردووە بریتین لە:

**١. تیۆری بیرزۆنسکی(Bersonky) :**

بە بۆچوونی(بێرزۆنسکی Bersonky)شوناس دەکەوێتە ژێر ڕۆشنایی چەمکی ستراتیژی و پرۆسەکانی مەعریفی و کۆمەڵایەتی کە مرۆڤ لە دۆزینەوە و بڕیاردان سەبارەت بە زانیارییەکان بە کاری دەهێنێت،کە پەیوەندییەکی بەرچاوی بە تێگەیشتنی خودەوە هەیە و، کە مرۆڤ هەستی خۆی بۆ ئەوەیە کە خۆی بنیاد بنێت،ڕاستی چییە و ئەو شێوازە چییە کە پیویستە لەسەر چ بنەمایەک بێت(Bersonky ,١٩٨٩ :٢٦٨_٢٨٢)، لیستی شێوازەکانی شوناس بۆ تێگەیشتن لە جۆری شوناسییەکان و شێوازی بنیادنان،کە بریتین لە :–

**1:1شێوازی شوناسی زانیاری (Information Identity style):**

شێوازەکانی شوناس لە بەپرۆسەکردنی زانیاریدا،بە توانای تاکەکەس نشان دەدرێن،بۆ پۆلێن کردنی زانیارییە جیاوازەکان و ،ئەو زانیاریانە کە پەیوەندییان بە خودەوە هەیە،مرۆڤەکان لەم شێوازەدا گۆڕانکاری دەکەن و ،کەسانی خاوەن ئەم شێوازە بڕیاردەرن لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە شوناس و بە هۆشیارێکی باش و ڕێکخستنی زانیاری جیا دەکرێنەوە، کە پەیوەندی بە بنیاتنانی شوناسەوە هەیە(Bersonky ,١٩٩٢ :٧٧١_٧٧٨).

**٢:١ شێوازی شوناسی پێوەری(ستاندارد)( Namtiveor Identity style):**

شێوازێکە کە بە نەرێنی لە بەپرۆسەکردن یان مامەڵەکردنی زانیاریدا بە دیدەهێنرێت و، پەیوەستە بە ئاستێکی بەرزی پابەندبوون و کۆنترۆڵکردنی دەروونی خود یاخود هەستکردن بە ڕەتکردنەوە، کە تێیدا مرۆڤ پێویستی بە پێکهاتەی مەعریفی و نەرمێتی و قبوڵکردنی چاوەڕوانییەکانە و، ئامانجەکانیان بە یەکەوە پەیوەست دەبێت بۆ ئەوەی شوناسی لە لایەن باوان یان هەر مۆدێلێکی ترەوە بە دیهێنرێت و،کەسانی ئەم شێوازە ڕووبەڕووی ناکۆکی و پابەندبوون دەبنەوە کە پەیوەندییان بە شوناسەکەیانەوەیە.(٨٢- ٥٨ : ٢٠٠٨ ,Luyckx ).

**٣,١ شێوازی شوناسی پەشێو(أسلوب الهوية التجنبي)( *Diffuse* Identity *style* ):**

ئەم شێوازە ئاماژەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی لە بڕیاردان بە دوور دەگرێت، کەسانی خاوەن ئەم شێوازە بە گۆڕینی خود دەناسرێنەوە و هەوڵدەدەن خۆیان لە ململانێی کەسی و کێشەی شوناس بەدوور بگرن، بە دواخستن لە بوارەکانی ژیاندا تایبەتمەندن،داواکاریی ئەو بارودۆخەی ژیان لە لایەن ڕێڕەوی کارکردنی دیکەوە دەکرێن،ئەو کەسانەی کە ئەم شێوازەیان هەیە ،دیدێکی تایبەتیان هەیە لە دیاریکردنی چارەنووسیان بە ئاستێکی نزم، بە پرۆسەکردنی زانیارییە و چالاکیەکانەوە تایبەتمەندن.

**٤,١ شێوازی پابەندبوون بە شوناسەوە(أسلوب بالالتزام بالهوية) (style Identity commitment):**

ئەم شێوازە ئاماژەیە بۆ پابەندبوون بە سیستەمی بەهای کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و ڕەوتە ئایینییەکان و پابەندبوون پێیان و، قبوڵکردنی جێبەجێکردنی زۆرەملێیان و لادان لێیان یان پێشێلکردن و پابەندبوون بە پیشەیەک یان پسپۆڕییەکی ئەکادیمی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، ئەم شێوازە بە پابەندنەبوون جیا دەکرێتەوە تەنها دوای پێداچوونەوە نەبێت.

**٢. تیۆری گەشەسەندنی دەروونی کۆمەڵایەتی ئێریکسۆن(Erikson):** (ئێریکسۆن Erikson)قۆناغی زانکۆ وەک قەیرانێکی دەروونی دەزانێت کە پەیوەندی بە شوناسەوە هەیە، کە

ڕەنگە تا سەرەتای تەمەنی گەورەیی بەردەوام بێت، ئەم قەیرانە بریتییە لە پرۆسەی دۆزینەوەی خودی مرۆڤ کە لە هەوڵێکدا بۆ تێگەیشتن لێی و،ئەو بەها و باوەڕ و ڕەفتارانەی کە ئەم خودە لەخۆی دەگرێت. پرۆسەیەکی دەروونییەی خودی دۆزییەوە کە بە حاڵەتێکی ناهاوسەنگی هەڵچوونی دایناوە و،پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ چەن جیگرەوەی ئەگەریە بۆ تێگەیشتنی خود لە ئێستادا، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دۆزینەوە و خەملاندنی جێگرەوەی جیاوازە ،مرۆڤ بەها و باوەڕ و ئامانجی نوێ لە تێگەیشتنە نوێیەکەیدا بۆ خۆی دابین دەکات و پابەند دەبێت بەم تێگەیشتنە نوێیە،(ئێریکسۆن Erikson )پێیوایە ئەم قۆناغە لە سەرەتای قۆناغی زانکۆ دەستپێدەکات،قۆناغی زانکۆیی قۆناغێکی ناسک و گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا ، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری فسیۆلۆژی و جەستەیی و ژیری و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی گرنگ تیایدا ڕوودەدات ،بەڵام ئەگەر مرۆڤ شوناسی تایبەتی خۆی هەبوو و،زانیشی ئەو کێیە و ڕۆڵ و جێگا و ڕێگای خۆی دۆزییەوە و پلە و پایەی لە ناو کۆمەڵدا هەیە،هەستی بە سۆز و خۆشەویستی کەسانی چوار دەوری کردووە ، ئەو کاتە ڕۆڵی خۆی و شوناسی دەزانێ و بە سەلامەتی دوور لە گرفت و ئەندێشە قۆناغی زانکۆ دەبڕێت(قەرەچەتانی،٢٠٢٣ :٢٥٨).

**دووەم:توێژینەوەکانی پیشوو(شێوازی شوناسی ئەکادیمی) :**

**١. توێژینەوەی (محاسنە،ئەوانەی تر،٢٠١٧):بە ناونیشانی(شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمی باو لە لای خوێندکارانی زانکۆی هاشمی لە ژێر ڕۆشنایی پێوەری و ئێریکسون و پەیوەنییەکانیان بە دەستکەوتی ئەکادیمی)**

لەئەردەن ئامانجی توێژینەوەکە زانینی شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمی باوە لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی هاشمی و پەیوەندییەکانیان بە دەستکەوتی ئەکادیمی لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و ئاستی ئەکادیمی و،نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(٤٨٠)خوێندکاری نێر و مێ لە زانکۆی(هاشمی) کە بە بەکارهێنانی شێوازی بەردەست(بالطريقة المتيسرة)هەڵبژێردران،توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە، پێوەری شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمی بەکارهێنرا. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە شێوازی شوناسی ئەکادیمی بەدەستهێنراو،کە شێوازی باڵا دەستە، جیاوازییەکی ئاماری واتادار لە شێوازی شوناسی ئەکادیمی پەشێو و هەڵپەسێردراودا هەیە،کە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ڕەگەزی خوێندکار، بەو پێیەی ئاستی شوناسی ئەکادیمی پەشێو و هەڵپەسێردراو لە نێوان نێرەکاندا بەرزتر بوو تا وەکو لە مێینەکاندا و،جیاوازییەکی ئاماری واتادار لە گۆڕاوی ڕەگەزی خوێندکاردا هەیە، بۆ شوناسی ئەکادیمی بە دیهێنراو دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوەی ڕەگەزی خوێندکاری باش لە بەرژەوەندی مێینەکان و،جیاوازییەکی ئاماری واتادار لە شێوازەکانی

شوناسی ئەکادیمی پەشێو، هەڵپەسێردراو، داخراو و بە دیهێنراودا هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوەی ئاستی ئەکادیمی کە بۆ خوێندکارانی ساڵی یەکەم،ساڵی دووەم و ساڵی سێیەم کاری پێدەکرێت،ئەنجامەکان دەریدەخات کە پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان شێوازی شوناسی ئەکادیمی هەڵپەسێردراو و بەدەستهێنراو و دەستکەوتی ئەکادیمیدا هەیە و، پەیوەندییەکی نەرێنی لە نێوان شێوازی شوناسی ئەکادیمی و دەستکەوتی ئەکادیمیدا هەیە،کە شێوازی شوناسی ئەکادیمی پەشێوی و دەستکەوتی ئەکادیمی(محاسنه،٢٠١٧).

**٢ .توێژینەوەی( لطفی ،٢٠٢٠): بە ناونیشانی ( شوناسی ئەکادیمی و پەیوەندیی بە هەندێک لە گۆڕاوە دەروونییەکان لە لای خوێندکارانی زانکۆ ) لە زانکۆی ئەزهەر لە(قاهیره)**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی دیاریکردنی پەیوەندی نێوان شوناسی ئەکادیمی و هەندێک لە گۆڕاوە دەروونییەکان،( گونجانی ئەکادیمی، پاڵنەر بۆ دەستکەوت و دڵەڕاوکێ )ی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆ و، پشتڕاستکردنەوەی ئەگەری بۆ پێشبینیکردنی شوناسی ئەکادیمییە لە ژێر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاوە دەروونییەکان و، بۆ ئاشکراکردنی جیاوازی شوناسی ئەکادیمی بەپێی ڕەگەز (نێر – مێ)و پسپۆری ئەکادیمی(وێژەیی – زانستی)ئاستی ئەکادیمی(ساڵی یەکەم و ساڵی کۆتاییە)بۆ خوێندکارانی زانکۆ(٤٠٠)خوێندکاری نێر و مێ(٢٠٠)خوێندکاری نێر و(٢٠٠)خوێندکاری کچ بەشدارییان کردووە لە فاکەڵتیەکانی زانکۆی (ئەزهار)،کە سەر بە گروپی ئەکادیمی یەکەم و کۆتایین لە فاکەڵتی بنەماکانی ئایین لە(قاهیره)لە کۆلێژی زانستی کوڕان لە قاهیره،کۆلێژی زانستە مرۆییەکان بۆ کچان لە قاهیره، و کۆلێژی زانستی کچان لە(قاهیره)کە تەمەنیان لە نێوان(١٨-٢٣)ساڵە،لە ساڵی خوێندنی(٢٠٢٠/ ٢٠٢١)ی زایینی و،ئامرازەکانی توێژینەوە پێکهاتبوون لە پێوەری شوناسی ئەکادیمی کە لە لایەن(توێژەرەوە ئامادەکراوە)،پێوەری گونجانی ئەکادیمی لە لایەن(توێژەرەوە ئامادەکرابوو)و پێوەری پاڵنەری دەستکەوت لە لایەن(عەبدول لەتیف خەلیفاوە،٢٠٠٦)،پێوەری دڵەڕاوکێی بۆ داهاتوو لە لایەن (توێژەرەوە ئامادەکراوە)و،ئەنجامەکان بوونی پەیوەندییەکی ئاماری واتادار لە نێوان شوناسی ئەکادیمی (کونجاندنی ئەکادیمی،پاڵنەری دەستکەوت،دڵەڕوکی داهاتوو)،ئەگەری پێشبینیکردنی دەستکەوتی ئەکادیمی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ، لە ژێر ڕۆشنایی هەندێک لە گۆڕاوە دەروونییەکان،بوونی جیاوازی ئاماری واتاداری لە شوناسی ئەکادیمی و ڕەهەندەکان بەپێی ڕەگەزی(نێر ،مێ)،ئاستی ئەکادیمی(ساڵی یەکەم،ساڵی کۆتای)نەبوونی جیاوازییەکی ئاماری واتادار لە شوناسی ئەکادیمی و ڕەهەندەکانی بەپێی پسپۆری ئەکادیمی(ئەدەبی-زانستی)ئەنجامەکان گفتوگۆیان لەسەرکرا،هەندێک پێشنیار و توێژینەوەی پێشنیارکراو پێشکەش کرا و،میتۆدی وەسفی پەیوەندی

بەکارهێناوە لەم توێژینەوەدا،تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تیادا بەکارهاتووە و،ڕاستی و جیگیری بۆئەنجامدراوە و،هاوکۆلکەی(ئەلفاکرونباخ)بۆ دەرهێنراوە و، دەرهێنانی جێگیری کە لەم توێژینەوەدا بەکارهاتووە،هاوکۆلکەی پەیوەندی بەکارهاتووە.

## بەشی سێیەم:ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە:

١.**میتۆدی توێژینەوە:** توێژەر لەم توێینەوەدا میتۆدی پەسنی شیکاری بەکارهێناوە چونکە کۆکردنەوەی داتاکان چەندایەتی و چۆنییەتییەکان لە خۆ دەگرێت دەربارەی دیاردەیەکی دیاریکراوە.

٢.**کۆمەڵگەی توێژینەوە:**کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، لە بەشی باخچەی منداڵان بۆ ساڵی(٢٠٢٤-٢٠٢٥) ئەنجامدراوە،کە کۆی گشتی ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ هەر چوار قۆناغی گشتی لە بەشی باخچەی منداڵان گەیشتە(١,٢٣٦,٠٠٠)خوێندکار، بۆ ڕەگەزی(مێ) لە دەوامی بەیانیان، توێژەر بۆ نمونەی ئەم توێژینەوەیە قۆناغی یەکەم و چوارەمی دەستنیشانکردووە کە ژمارەیان لە(٥٠٠) خوێندکار پێکهاتووە بە هەردوو قۆناغەکەوە لە کۆی گشتی چوار قۆناغەکدا، لە خشتەی(١)خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە(١)**

**قەبارەی کۆمەلگەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی(قۆناغ)دابەشکراوە**

| ژ | قۆناغ | سەلاحەدین | سلێمانی | ڕاپەڕین | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | ٦٠ | ٨٤ | ٧٠ | ٦٤ | ٦٥ | ٣٤٣ |
| ٢ | دووەم | ٤٣ | ٨٦ | ٦٧ | ١٥ | ٥٧ | ٢٦٨ |
| ٣ | سێیەم | ٥٣ | ٧٩ | ٨٧ | ٣٤ | ٦٣ | ٣١٦ |
| ٤ | چوارەم | ٥٤ | ٦٣ | ٦٢ | ٥٨ | ٧٢ | ٣٠٩ |
| | کۆی گشتی | ٢١٠ | ٣١٢ | ٢٨٦ | ١٧١ | ٢٥٧ | ١,٢٣٦,٠٠٠ |

٣.**نموونەی توێژینەوەکە:**توێژینەوە لە هەر دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و پەروەردەیی و دەروونی پشت دەبەستێت بە نمونەیەکی دیاریکراو لەو دیاردەیەی توێژینەوەکەی لە بارەوە دەکرێت، بەبێ بوونی نمونەیەک ناتوانرێ توێژینەوە دەربارەی هیچ کێشەیەک بکرێت و نمونە دەناسرێت بە بەشێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوە(عبدالخالق وشوکت،٢٠٠٧: ٢٥)واتە پێویستە نمونە هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بێت،توێژەر هەستا بە دیاریکردنی نمونەی

ئەم تـویژینەوەیە لە ڕێـگەی پێـوەرە ئاماریەکـانەوە،بە وەرگرتنـی ڕاوبۆچـوونی شـارەزاییان و بە هەڵبژاردنــی نمــونەیەکی گونجــاو،کە نــوینەرایەتی کــۆمەڵگەی تــویژینەوەکە بکـــات،کە ژمارەیان(٥٠٠)خوێندکارە لە ڕەگەزی(مێ)بۆ قۆناغەکانی(یەکەم-چوارەم)لە کۆلێژەکانی پەروەردەیی بنەڕەتی/زانکوکانی هەرێمی کوردستان،بە شێوەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژیراوە. لە خشتەی (٢) خراوەتەڕوو.

## خشتەی (٢)

### نمونەی توێژینەوە بنەڕەتیەکەبە پێی وەرگرتنی قۆناغ و زانکۆکان

| ژ | زانکۆکان | قۆناغ | | | | کۆی گشتی | | ڕێژەی سەدی | | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم | بژاردە | چوار | بژاردە | کۆی گشتی نمونەکە | کۆی بژاردەی نمونەکە | یەکەم | چوار | |
| ١ | سەلاحەدین | ٦٠ | ٥٠ | ٥٤ | ٥٠ | ١١٤ | ١٠٠ | %١٠ | %١٠ | %٢٠ |
| ٢ | سلێمانی | ٨٤ | ٥٠ | ٦٣ | ٥٠ | ١٤٧ | ١٠٠ | %١٠ | %١٠ | %٢٠ |
| ٣ | ڕاپەڕین | ٧٠ | ٥٠ | ٦٢ | ٥٠ | ١٣٢ | ١٠٠ | %١٠ | %١٠ | %٢٠ |
| ٤ | هەڵەبجە | ٦٤ | ٥٠ | ٥٨ | ٥٠ | ١٢٢ | ١٠٠ | %١٠ | %١٠ | %٢٠ |
| ٥ | گەرمیان | ٦٥ | ٥٠ | ٧٢ | ٥٠ | ١٣٧ | ١٠٠ | %١٠ | %١٠ | %٢٠ |
| کۆی گشتی | | ٣٤٣ | ٢٥٠ | ٣٠٩ | ٢٥٠ | ٦٥٢ | ٥٠٠ | %٥٠ | %٥٠ | % ١٠٠ |

**٤. ئامرازەکـانی تـوێژینەوەکە**:بەو پێـیەی کە تـوێژینەوەکەی ئێسـتا ئامـانجی زانینـی شـیوازەکانی شوناسـی ئەکـادیمیە لە لای خوێنـدکارانی بەشـی بـاخچەی منـداڵان لە کـۆلێجی پەروەردە/ لە زانکۆکـانی هەرێمـی کوردسـتان ،تـوێژەر هەسـتا بە ئامـادەبوونی پێوەرێـک بە پشتبەسـتن بە خوێندنەوە و زانینی توێژینەوەکانی پیشووترە، چونکە ئەو توێژینەوەی کە ئامادەم کردبوو تەنها بۆ ژمارەکـان و پێـوانەکردنی ئامــانجی گـۆڕاوەکەیە، بە بەکارهێنـانی سـتانداردە پێشـوەختەکان کە ئامـادەکراون لە توێژینەوەکاندا زۆر بـاوە جـونکە لە زۆرێـک لە توێژینەوەکـان و زۆربەی گەلانـی جیهانـدا بـۆ پێوانەکـاری بەکـار دێنن، تـوێژەر هەسـتاوە بە وەرگێڕانـی پێـوەرکە بـۆ سـەر زمـانی کوردی،کە پێوەری شوناسـی ئەکادیمیە و،ئەم پێورە کە لە چوار ڕەهەندی سـەرەکی پێکهـاتووە کە شــێوازەکانی شوناســی ئەکــادیمی دەگــرێتە خــۆ ئەوانیش(ڕەهەنــدی شوناســی ئەکــادیمی بە دیهێنراو،ڕەهەندی شوناسی ئەکادیمی هەڵپەسێردراو،ڕەهەندی شوناسی داخراو،ڕەهەندی شوناسـی ئەکـادیمی پەشـێو) و بـۆ هەر ڕەهەنـدێک کە لە(١٥)بـڕگە پێکهـاتبوو.(لطفی،٢٠٢١: ٢٧٧-٢٧٨)و(محاسنة،واخرون،٢٠١٨ : ١٩٢)،توێژەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی و جێگیری بۆ ئەو ڕێوشـوێنانە کە بـۆ کـۆمەڵگەی تـوێژینەوەکە گرتـوویەتە بەر و،بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ڕاسـتی بـۆ

تــوێژینەوەکەی ئێستا کە دەرهێنــراوە و، تــوێژەر ســوودی لە پێوەری(د.أسماء محمد السيد لطفي ٢٠٢١)وەرگرتووە،بۆ پێوانەکردنی شوناسی ئەکادیمی ئامادەکراوە، ئەم پێوەرە بۆ زانینی ئاستی وەڵامی نمونەکەیە کە لە پێوانکاری(لیکرت)ی پێنچ بژاردەیی بەکارهێنراوە و بژاردەکان بریتیبوون لە(هەمیشە ،زۆرجار ،هەندێ جار ،بە دەگمەن،هەرگیز)،پاشان نمرە دراوە بە بژاردەکانی توێژینەوەکە بەجۆرێک بۆ برگە ئەرێنییەکان بە ڕیزبەندی(١،٢،٣،٤،٥)نمرەیان وەرگرتووە و،بۆ برگەی نەرێنییەکان بە ڕیزبەندی(٥،٤،٣،٢،١)نمرەیان وەرگرتووە.

- **ئەو شێوازانەی لە پێوەری شوناسی ئەکادیمیدا بەکارهاتووە :**

١. **ڕاستی پێوەری شوناسی ئەکادیمی**:بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستی پێوەرەکە پشت بە ڕاستی ڕواڵەتی بەستراوە و،توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەری توێژینەوەکە بەسەر(١٥)پسپۆر لە بوارەکانی دەروونزانی پەروەردەیی وکۆمەڵناسی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە.داوایان لێکرا سەرنج و تێبینی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی برگەکان بخەنەڕوو و،هەر گۆڕانکاریەک کە بە باشی دەزانن پێشنیاری بکەن،دوای گەڕاندنەوەی سەرنج و تێبینی پسپۆڕەکان،دەرکەوت کە ڕێژەی ڕێکەوتنی پسپۆڕان لە سەرجەم برگەکانی پێوەری شوناسی ئەکادیمی لە(٩٠،٩٩%).پاشان بە پێی پێشنیاری پسپۆڕان گۆڕانکاری لە برگەکانی ڕەهەندی پێوەری شوناسی ئەکادیمیدا نەکراوە، پاش چاککردنیان سەرجەم برگەکان مانەوەو کە بۆ هەر ڕەهەندێک(١٥)برگەیە،بەم شێوەیە کۆی گشتی برگەکان وەکو خۆی مانەوە، لە خشتەی(٣)ڕوونکراوەتەوە و،بۆ زانینی ئاستی وەڵامی نمونەکە پێوانکاری(لیکرت)ی پێنچ بژاردەیی بەکارهێنراوە و بژاردەکان بریتیبوون لە(هەمیشە ،زۆرجار ،هەندێ جار ،بە دەگمەن،هەرگیز).

**خشتەی(٣)**

**ڕەهەندەکانی پیوەری شوناسی ئەکادیمی**

| ژ | ڕەهەندەکانی شوناسی ئەکادیمی | برگە |
|---|---|---|
| ١ | شوناسی ئەکادیمی بەدیهێنراو | ١٥ |
| ٢ | شوناسی ئەکادیمی هەڵپەسێردراو | ١٥ |
| ٣ | شوناسی ئەکادیمی داخراو | ١٥ |
| ٤ | شوناسی ئەکادیمی پشێو | ١٥ |
|  | پێوەری شوناسی ئەکادیمی | ٦٠ |

**٢- هێزی جیاکاری برگەکانی پێوەری شوناسی ئەکادیمی :** توێژەر هەستا بە ڕێکخستنی نمرەکانی(٥٠٠)فۆرم کە سەرەتا لە بەرزترینەوە دەستپێکرد و بە نزمترین کۆتایی هات(٢٧%)لەو فۆرمانە کە ئاستیان بەرزە بۆ ڕاکێشران و،(٢٧ %) لەو فۆرمانە کە نمرەی نزمیان بە دەستهێناوە، دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی تائی بۆ دوو گۆڕاوی سەربەخۆ بۆ بەهای بەڵگەداری جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەی بۆ هەر برگەیەک دەرهێنرا لە ئەنجامدا بە بەهای بەڵگەداری پابەند بوو و، برگەکانی پێوەرەکە وەکو خۆی مانەوە و، بەهای بەڵگەداریان نزمترە لە ئاستی بەڵگەیی(٠,٠٥)و بەهای تائی هەژمارکراو(٠,٣١٨٢٤)بچووکترە لە بەهای خشتەیی(١,٩٦٢)و نمرەی ئازادی(٣٢٨)لە خشتەی(٤)خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٤)**

**هێزی جیاکاری بۆ گۆڕاوی شوناسی ئەکادیمی**

| گرۆپ | ژیرگە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | ئاستی بەڵگەی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵەی بەرزترین | ١٦٥ | ٣,٨٥٥٨ | ٠,٣٠٢٦١ | - ٠,٣١٨٢٤ | ٠,٠٠٠ |
| کۆمەڵەی نزمترین | ١٦٥ | ٠,٠٢١٠ | ٠,١٤٨١٣ | - ٠,٣١٨٢٤ | ٠,٠٠٠ |
| نمرەی ئازاد | | | | | ٤٩٨ |
| بەهای خشتەیی | | | | | ١,٩٦٢ |

**٣. پەیوەندی برگەکان بە نمرەی گشتی پێوەری شوناسی ئەکادیمی:** توێژەر هەستاوە بە ژماردانی هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن لە نێوان نمرەی تاکەکانی لەسەر هەموو برگەکان و نمرەی گشتی ڕەهەندەکان دەرکەوت کە بەهای هاوکۆڵکەی پەیوەندی هەموویان بە پێی ئاستی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری(٠,٠١)و نمرەی ئازادی(١٠٠)کە لە بەهای خشتەی گەورەترە وەک لە خشتەی(٥)خراوەتە ڕوو.

خشتەی(٥)

پەیوەندی بڕگەکان بە نمرەی گشتی ڕەهەندەکانی پێوەری شوناسی ئەکادیمی

| ژ. بڕگە | شوناسی ئەکادیمی بە دیهێنراو | ژ.بڕگە | شوناسی ئەکادیمی هەڵپەسێردراو | ژ.بڕگە | شوناسی ئەکادیمی داخراو | ژ.بڕگە | شوناسی ئەکادیمی پەشێو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاوکۆڵگەی پەیوەندی | | هاوکۆڵگەی پەیوەندی | | هاوکۆڵگەی پەیوەندی | | هاوکۆڵگەی پەیوەندی |
| ١ | **٠,٢٧٠ | ١٦ | **٠,٣٠٣ | ٣١ | ** ٠,٢٢٨ | ٤٦ | **٠,٣٨٨ |
| ٢ | **٠,١٢٤ | ١٧ | **٠,٢٥٥ | ٣٢ | **٠,٣٦٠ | ٤٧ | **٠,٤٢٣ |
| ٣ | **٠,٢٥٤ | ١٨ | **٠,١٩٢ | ٣٣ | **٠,٤٥٤ | ٤٨ | **٠,٤٢٥ |
| ٤ | ** ٠,١٦٨ | ١٩ | **٠,٣٧٩ | ٣٤ | **٠,٤٣٤ | ٤٩ | **٠,٤٥٧ |
| ٥ | ** ٠,٢٧٧ | ٢٠ | **٠,٢٧٠ | ٣٥ | **٠,٥٠٤ | ٥٠ | **٠,٣٨٩ |
| ٦ | **٠,٢٤١ | ٢١ | **٠,١٩٦ | ٣٦ | **٠,٣١٦ | ٥١ | **٠,٢٣٨ |
| ٧ | **٠,١٧٥ | ٢٢ | **٠,٣٠٥ | ٣٧ | **٠,٣٤٩ | ٥٢ | **٠,٢٠٢ |
| ٨ | **٠,٢٦٧ | ٢٣ | **٠,٢٤٣ | ٣٨ | **٠,٣٣٨ | ٥٣ | **٠,٣٤٣ |
| ٩ | **٠,٣٤٧ | ٢٤ | **٠,٣٤٥ | ٣٩ | **٠,٤٢٢ | ٥٤ | **٠,٤٠٣ |
| ١٠ | **٠,٢٨٣ | ٢٥ | **٠,٤١٤ | ٤٠ | **٠,٤٥٤ | ٥٥ | **٠,٤١٠ |
| ١١ | **٠,٣٠٤ | ٢٦ | **٠,٣٣٨ | ٤١ | **٠,٤٠٥ | ٥٦ | **٠,٥٣٨ |
| ١٢ | **٠,٣١١ | ٢٧ | **٠,٣٦٨ | ٤٢ | **٠,٣٨٣ | ٥٧ | **٠,٤٨٧ |
| ١٣ | **٠,٢٥١ | ٢٨ | **٠,٣٨٤ | ٤٣ | **٠,٥٢٣ | ٥٨ | **٠,٤٠٨ |
| ١٤ | **٠,٣١٥ | ٢٩ | **٠,٢٥٨ | ٤٤ | **٠,٢٤٤ | ٥٩ | **٠,٤٢١ |
| ١٥ | **٠,٢٥٥ | ٣٠ | ** ٠,٢٥٥ | ٤٥ | **٠,٣٨٣ | ٦٠ | **٠,٤٧٩ |

٤.**پەیوەندی نمرەی ڕەهەندەکان بە نمرەی گشتی پێوەری شوناسی ئەکادیمی** : بۆ دڵنیابوون لە دروستی ئەم جۆرە ڕاستیە هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان نمرەی تاکەکان لەگەڵ نمرەی هەموو ڕەهەندەکاندا لە نمرەی گشتی پێوەرەکە، توێژەر

فۆرمی نمونەی پێشووی بەکارهێنا و،ئەنجامەکەیش ئاماژەیە بۆ هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی نمرەی ڕەهەنـــدەکان بە نمـــرەی گشـــتیەوە کە بەڵـــگەدارن بە ئاســـتی ئامـــاری(٠,٠١)و لە خشتەی(٦)خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٦)**

| ڕەهەندەکانی | هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری(٠'٠٥) |
|---|---|---|
| شوناسی ئەکادیمی بە دیهێنراو | **٠٥٨٠,٠ | ٠,٠٠٠ |
| شوناســـــی ئەکـــــادیمی هەڵپەسێردراو | ** ٠٦٦٧,٠ | ٠,٠٠٠ |
| شوناسی ئەکادیمی داخراو | **٠٨١٧,٠ | ٠,٠٠٠ |
| شوناسی ئەکادیمی پەشێو | **٠٨٤٣,٠ | ٠,٠٠٠ |

**پەیوەندی نمرەی ڕەهەندەکان بە نمرەی گشتی پێوەری شوناسی ئەکادیمی**

بەڵـــگەداریە لە ئاســـتی (٠,٠٥)و(٠,٠١).**بەڵـــگەداریە لە ئاســـتی (٠,٠١)،*بەڵـــگەداری لە ئاستی(٠,٠٥)

٥. <u>**جێگیری پێوەری شوناسی ئەکادیمی :**</u> بۆ دەرخستنی پەیوەندی برگەکان بە پێوەرەکەوە کە بۆ هەر ڕەهەندێک لە پێوەرەکە،کە لە(١٥)برگەیە و،جێگیری بۆ(٥٠٠)خوێندکاری نمونەی توێژینەوە گشتیەکە ئەنجامدراوە و،برگەکانی ڕەهەندەکانی شوناسی ئەکادیمی وەکو خۆی مانەوە ،جێگیری بۆپێـوەرەکە ئەنجامـدرا بە پشـت بەسـتن بە هاوکۆلکەکانی(سـپێرمان–براون،کرۆنبـاخ–ئەلفـا)و بەهای(سپێرمان_براون)گەیشتە(٠,٩٠)بەهای(کرۆنباخ–ئەلفا)گەیشتە(٠,٨٧)کە ئەمانەش ئاستی بەرزی جێگیـری پێـوەرەکە دەرکەوت،چـونکە تـا ئەنجـامی جێگیـری لە(١)نزیـک بێـتەوە ئاسـتی جێگیری بەرزترە،پاش دڵنیابوونەوە لە ئاستی جێگیری پێوەرەکە،جێگیری بۆ برگەکانی پێوەرەکە ئەنجامدرا لە ڕێگەی هاوکۆلکەی(ئەلفاکرۆنباخ)ەوە،لە ئەنجامدا دەرکەوت کۆی برگەکان لە ئاستی جێگیری بەرزدان،چونکە بە لابردنی هێچ یەکێک لە برگەکان بەهایی(ئەلفا کرۆنباخ)ی پێوەرەکە ئاسـتی بەرزی جێگیـریەکەی لە دەسـت نادات،بەهای(ئەلفـا کرۆنبـاخ)وەکو خـۆی مـاوەتەوە لـە خشتەی(٧)خراوەتەڕوو.

خشتەی(٧)

جێگیری پێوەری شوناسی ئەکادیمی

| ژمارەی برگە | هاوکۆڵکە | بەها |
|---|---|---|
| ٦٠ | ئەلفا کرۆنباخ | ٠,٨٧٠ |
| ٦٠ | سبیرمان براون | ٠,٩٠ |

پاش دڵنیابوونەوە لە ئاستی جێگیری پێوەرەکە،جێگیری بۆ برگەکانی پێوەرەکە ئەنجامدرا لە ڕێگەی هاوکۆلکەی(ئەلفاکرۆنباخ)وە،لە ئەنجامدا دەرکەوت کۆی برگەکان لە ئاستی جێگیری بەرزدان،چونکە بە لابردنی هیچ یەکێک لە برگەکان بەهایی(ئەلفا کرۆنباخ) ئاستی بەرزی جێگیریەکەی لە دەست نادات.

**٥.هاوکێشە ئاماریە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:** توێژەر بۆ کردارەکانی توێژینەوەکە و زانیارییەکانی شیکردنەوەی ئەنجامەکان و هێزی تایبەتی برگەکانی پێوەرەکە هەستاوە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک لە ڕێگا ئامارییەکان بە یارمەتی پرۆگرامی پاکێجی ئاماری زانستە کۆمەلایەییەکان(Statistical Package for Social Science (SPSS)لە گرنگترین ڕێگا بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو :(کای دووجا(کا٢)(Chi –Square), هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن(Coefficient Correlation Pearson)،هاوکێشەی سپیرمان – براون: Spearman– Brown Coefficient, تاقیکردنەوەی تائی(T.test)بۆ یەک نموونە،تاقیکردنەوەی تائی(T.test)بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ،بەهای تائی بۆ هاوکۆلکەی پەیوەندی،شیکاری جیاوازی یەک لایەنە(one way analysis of variance)،دەرهێنانی ڕێژەی سەدی.

_(**)بۆ زۆربەی میتۆدیە ئامارییەکان بە ژماردنی بەهای ئەگەری بۆیە دەکرێت وازهێنان لە بەهای خشتەی و،کار تەنها بە بەهای ئەگەری لەگەڵ ئاستی مەعنەوی(٠,٠٥) و( ٠,٠١) ئینجا ئەگەر هەیە بەهای ئەگەری کەمترین بێت لە ئاستی مەعنەوی،ئەوا دەگەیەنێت کە بەڵگەدارییە،بەلام ئەگەر گەورەتر بوو ئەوە واتای ئەوەیە نا بەڵگەدارییە.

## بەشی چوارەم:

**یەکەم:خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان:**توێژەر بۆ گرتنەبەر بۆ نمونەی توێژینەوەکە وخستنەڕووی داتاکان ئەم ئەنجامانەی خوارەوە خستوتەڕوو:

**ئامانجی یەکەم : ئاستی شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمی لە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان :**

بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە بە پێی ئامانجی توێژینەوەکە بۆ پێوەری شوناسی ئەکادیمی هاوکێشەی تائی(One test .T Sample)بۆ شیکاری یەک نمونەی بەکارهێنراوە، کە ئەنجامەکەی لە خشتەی(٨)خراوەتە ڕوو:

**خشتەی(٨)**

**تاقیکردنەوەی (ت)یەك نموونەیی بۆ(شوناسی ئەکادیمی)**

| شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای تائی هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەیی (٠,٠٥) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شوناسی ئەکادیمی بەدیهێنراو | ٥٩,٣٣٤ | ٤٥ | ٨,٣٦١ | ٣٨,٣٣٥ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەداری |
| شوناسی ئەکادیمی هەڵپەسێردراو | ٥٣,٣٨٤ | ٤٥ | ٦,٨٢١ | ٢٧,٤٨١ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەداری |
| شوناسی ئەکادیمی داخراو | ٥١,٨٦٢ | ٤٥ | ٩,٣٨٢ | ١٦,٣٣٥ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەداری |
| شوناسی ئەکادیمی پشێو | ٤٠,١٩٨ | ٤٥ | ١٢,٢٤٤ | ٨,٧٦٩ – | ٠,٠٠٠ | بەڵگەداری |
| كۆی گشتی | ٢٠٤,٧٧٨ | ١٨٠ | ٣٦,٨٠٨ | ٩٠,٩٢ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەداری |

بەهای تائی(T)خشتەیی بە نمرەی ئازادی(٤٩٩) ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)=١,٩٦

بەو جۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراوە بۆ نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ئاستی شوناسی ئەکادیمی گەورەترە لە ناوەندە گریمانەیی و ،بەهای تائی (T)هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای تائی(T)خشتەیی،کەواتە شوناسی ئەکادیمی لای خوێندکاران بوونی هەیە و لە ئاستێکی بەرزدایە و ،ئەم ئەنجامە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی (حەمزە،٢٠١٩)و توێژینەوەی ( ئەلزوبەیدی،ئەوانەی تر،٢٠١٥)و توێژینەوەی(محاسنە واوانەی

تـر،٢٠١٧) پێیانوایـە لـە لای ڕەگـەزی نێـر بـەرزترە تـاوەکو ڕەگـەزی نێـر و،توێژینـەوەی (علی،٢٠٢١)پێیانوایە جیاوای هەیە لە شوناسی ئەکادیمی و ڕەهەندەکانە و، توێژینەوەی( سعید وئەوانـەی تر،٢٠٢٢)پێیانوایـە جیاوازی لـە شێوازی شوناسـی ئەکادیمیدا لـە نێوان کچانـدا هەیە و،توێژینەوەی(لطفی،٢٠٢٠)پێیوایە جیاوازی هەیە لە شوناسی ئەکادیمی و ڕەهەندەکانە و،بەڵام لە توێژینـەوەی ئیستادا شێوازی شوناسی ئەکادیمی لە ئاستیکی بەرزدایە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردسـتان و، دواتـر بـە پێـی ڕەهەنـدی یەکەم کە(شوناسـی ئەکـادیمی بە دێهینراو)بـەهای ناوەندەژمێرەیی دەکاتە(٥٩,٣٣٤)و ناوەندی گریمانەیی بۆ پێوەرەکە دەکاتە(٤٥)نمرەیە و،لادانی پێـوەری دەکـاتە(٨,٣٦١)لە ئاسـتی بەڵـگەداری(٠,٠٥) و لە کاتێکـدا بەهـای تـائی هەژمارکراوگەیشتە(٣٨,٣٣٥)بە پێی بەهای خشتەیی(١,٩٦)دەرکەوت کە جیاوازی نێوان هەردوو گۆڕاوەکە لە بەرژەوەندی ناوەندی نموونـەیی و ،ئەمەش مانای ئەوەیە کە خوێندکارانی باخچەی منـداڵان لە زانکۆکـانی هەرێمـی کوردسـتان بە پێـی ئەم ڕەهەنـدە توانـای بنیاتنـانی خۆیـان هەیە،دەتوانن لە ناو زانکۆدا بەها و بیروباوەر و ئامانجە ئەکادیمیەکان خۆیان بە دەست بهێنن و، دەتوانن وینایەکی ڕوون و بەرپرسیارێتی لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگە و خوێندنی ئەکادیمیدا بە دەسـت بهێـنن، لەم پێـوەردا خوێنـدکار شـێوازی بەکارهێنـانی ڕەفتـارە بەربەسـتەکان ستراتیژییە سـەرکەوتووەکان دەگرێتەبەر بۆ تەواوکردنـی ئەرکەکـانی،چونکە بنیادنـانی خـۆی بۆ دەوروبەر و کۆمەڵگە و خێزانەکان بە جێگیرتر دەزانێت و،خوێندکار لەم پێوەرەدا هەوڵدەدات شارەزای زیاتری هەبێت بۆ ئامانج و سـەرکەوتنی خوێندنی ئەکادیمی و،زیـاتر خۆڕاگرن بۆ پلانداnan و لۆژیکییانە لە مـامەڵە کـردن و بڕیـاردانە،بەپێی پێوەری(دیکانـدیە,Decandia)کە پێیـوایە کە شوناسـی ئەکادیمی لە نێو خوێندکاراندا دروست دەبێت لە ئەنجامی نقومبوونیان لە کۆمەڵگەی ئەکادیمی و نوێنەرایەتیکردنی ئەو بەها وپراکتیکانەی کە لە دۆخی خوێندنی باڵادا بوونی هەیە ،لەم ڕەهەندە وەکو ڕوونە جیاوازی بوونی هەیە و، ئەگەر بەراورد بکرێت بە توێژینەوەی(علی،٢٠٢١)پێیوایە ئەم ڕەهەندە کە هێچ جیاوازیەک بوونی نیە لە ڕەهەندی شوناسی ئەکادیمی بە دیهێنراو.

لەخشتەی (٨)دەردەکەوێت کە ناوەندەژمێرەیی بۆ نمرەکانی نمونـەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەهەندی دووەم (شوناسـی ئەکـادیمی هەڵپەسێردراو)گەیشـتە(٥٣,٣٨٤)زیـاترە لە ناوەنـدە گریمـانەیی بـۆ پێوەرەکە(٤٥)نمرەیە و،لادانی پێوەری(٦,٨٢١)و بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی لە نێوانیان لە کاتی بەکارهێنانی بەهای هاوکێشەی تائی بۆ یەک نموونەیی بە پێی ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥)و نمرەی ئـازادی(٤٩٩)* و بەهـای تـائی هەژمـارکراو گەیشـتە(٢٧,٤٨١)کە زیـاترە لە بەهـای خشـتەیی(١,٩٦)،لە کـاتی بەراوردکردنـدا دەرکەوت کە جیـاوازی ئامـاری هەیە لە نێـوان

ناوەندەژمێرەیی و ناوەندە کۆمەڵگە لە بەرژەوەندی ناوەندی کۆمەڵگەیی و ،ئەمەش مانای ئەوەیە کە خوێندکارانی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەهەندی دووەم جیاوازییان هەیە ، توێژەر پێی وایە بە پێوەری مێزیرو (Meziro,٢٠٠٠ )پێیوایە کە خوێندکاران کەوتوونەتە ژێر چوارچێوەی دووبارە دارشتنەوەی خودەوە لە چوارچێوەی ئەکادیمیدا,جونکە شوناسییان بەردەوامە لە گەشەکردن و بنیادنانی مرۆڤایەتیە لەم چوارچێوەیدا مانا بە خودی خۆیان دەدەن بۆ سترانیژی و کارامەیی نوێ دەستنیشان بکەن و،خوێندکاران لە زانکۆکان هەولدەدەن بۆ بە دەستهێنانی ئامانجەکانیان بەڵام دوو دڵی و ناجیگیری ئەکادیمی دەبێتە بەربەست و پابەند نەبن بە ئامانج و بەهاکانەوە،ئەگەر بەراورد بکرێت بە توێژینەوەی(محاسنە، ئەوانەی تر،٢٠١٧)هەمان جیاوازی لە توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو بەلام بە پێی جیاوازی ڕەگەزی(نێر،مێ) بوونی هەبووە،دیارە لە ڕەگەزی (نێر) *زیاترە تا وەکو ڕەگەزی(مێ)بە پێی ئەو توێژینەوە زانستیەی کە لە زانکۆی(هاشمی)لە ئەردەن ئەنجامدراوە. لە خشتەی(٨)دەردەکەوێت کە ناوەندەژمێرەیی بۆ نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەهەندی سێیەم کە(شوناسی ئەکادیمی داخراوە)گەیشتە(٥١,٨٦٢)زیاترە لە ناوەندە گریمانەیی بۆ پێوەرەکە (٤٥)نمرەیە و لادانی پێوەری گەیشتە(٩,٣٨٢)و،بۆزانینی بەڵگەی جیاوازی لە نێوانیان لە کاتی بەکارهێنانی بەهای هاوکێشەی تائی یەک نموونەیی بە ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥)و نمرەی ئازادی(٤٩٩)* و بەهای تائی هەژمارکراوگەیشتە(١٦,٣٣٥)زیاترە لە بەهای خشتەیی (١,٩٦)لە ئەنجامدا دەرکەوت،کە جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندەژمێرەیی و ناوەندە کۆمەڵگە لە بەرژەوەندی ناوەندی کۆمەڵگەیی و ،ئەمەش مانای ئەوەیە کە خوێندکارانی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەهەندی سێیەم جیاوازییان هەیە و،خوێندکاران بە پێی ئامانجەکانی خۆیان هەوڵدەدەن بگەنە ئامانج و بەها ئەکادیمیەکانیان لەم شێوازەدا خوێندکاران هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی نمرەی بەرز بە دەست بهێنن و، هەندێ کات بوونی باوان و هاورێ و مامۆستایان دەبنە.ئەمەش وا دەکات پابەند بن بە ئامانج و بەهاکانی ئەوانەوە،لەکاتێکدا پابەندبوونیان هەبووە بە کار و پێشەی خۆیانەوە لە خشتەی(٨)دەردەکەوێت کە ناوەندەژمێرەیی بۆ نمرەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەهەندی چوارەم(شوناسی ئەکادیمی پەشێو)گەیشتە(٤٠,١٩٨)کە زیاترە لە ناوەندە گریمانەیی بۆ پێوەرەکە(٤٥)نمرەیە،لادانی پێوەری گەیشتە(١٢,٢٤٤)و بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی نێوانیان لە کاتی بەکارهێنانی بەهای هاوکێشەی تائی یەک نموونەیی بە ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥)و نمرەی ئازادی(٤٩٩)و بەهای تائی هەژمارکراو دەکاتە(٨,٧٦٩)کەمترە لە بەهای(١,٩٦)لە ئەنجامدا دەرکەوت، جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندەژمێرەیی و ناوەندە

نمونەی لە بەرژەوەندی ناوەندی نمونەکەیە و ،ئەمەش مانای ئەوەیە کە خوێندکارانی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەهەندی چوارەم جیاوازییان هەیە،بەلام بە پێی قۆناغەکانی خوێندن شکستییان هێناوە و، ناتوانن پابەند بن بە بەها و ئامانجە ئەکادیمیەکانەوە،لە زۆربەی ئەرکەکانی ژیانی ئەکادیمیدا بی سەروبەریيان پێوە دیارە و ناتوانن سەربکەون و ناڕێکخراون لە خوێندنی ئەکادیمیدا و،ئەگەر بەراورد بکرێن بە توێژینەوەی(ئەلزوبەیدی،ئەوانی تر،٢٠١٥) پێیوایە کە لە پێوەری شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمیدا،دواخستنی ڕەزامەندی ئەکادیمی دڵخۆشکردن لە لە لای خوێندکاران ئاستێکی بەرزەدایە.

**ئامانجی دووەم : جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە:**

١.**قۆناغی خوێندن:(یەکەم ، چوارەم)**:بۆ هاتنەدیّ لە جیاوازی نێوان قۆناغی یەکەم و چوارەمدا لە پێوەری شوناسی ئەکادیمیدا ،توێژەر بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ شیکاری بۆئەنجامەکان کردووە،دەرکەوت کە ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ قۆناغی(یەکەم-چوارەم)بە پێی پێوەری شێوازی شوناسی ئەکادیمی و،ناوەندەژمێرەیی قۆناغی یەکەم(٣,٤٣)و لادانی پێوەری(٠,٣٨٥)ناوەندەژمێرەیی بۆ قۆناغی چوارەم گەیشتە(٣,٣٩)و لادانی پێوەری گەیشتە(٠,٤١٩) و،دوای دۆزینەوەی بەهای تائی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆیی،

* نمرەی ئازادی = ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگە – ١ واتا ( ٥٠٠ – ١ =٤٩٩).

دەرکەوت کە بەهای تائی هەژمارکراو دەکاتە(١,٠٧٧)کە بچووکترە لە بەهای خشتەی(١,٩٦٢)بە نمرەی ئازادی(٤٩٨)لە ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥)بە واتای نەبوونی جیاوازی ئاماری دێت لە نێوان ناوەندەژمێرەیی قۆناغی یەکەم و ناوەندەژمێرەیی قۆناغی چوارەمدا،لە پێوەری شوناسی ئەکادیمیدا،بەڵام لەخشتەی(٩)خراوەتەڕوو.

## خشتەی(٩)

### تاقیکردنەوەی(تی تیێست)بۆ جیاوازی لە نێوان ناوەندەکان بۆ(شوناسی ئەکادیمی)

| قۆناغ | جیاوازی نێوانیان | | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | بەهای تائی | | بەڵگەی ئاماری ( ٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرز | نزمی | | | | بەهای هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | |
| یەکەم | ٠,١٠٩ | ٠,٠٣٢ | ٢٥٠ | ٣,٤٣ | ٠,٣٨٥ | ١,٠٧٧ | ١,٩٦٢ | ٢٨٢,٠ |
| چوارەم | ٠,١٠٩ | ٠,٠٣٢ | ٢٥٠ | ٣,٣٩ | ٠,٤١٩ | | | |

لە خشتەی(٩)دەرکەوتووە،کە بەڵگەی ئاماری ئاماژەداری هەیە،بەڵام بە پێی بەهای ناوەندە ژمێرەیی نێوان قۆناغەکان دەرنەکەوتووە و جیاوازی نیە.لە هەمان کاتدا بۆ بەهای(f)کە گەیشتە(١,٣٢٠)کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە ئاستی ئاماری(٠,٠٥).لە خشتەی(١٠)ڕوونکراوەتەوە.

## خشتەی (١٠)

### شیکاری یەك لایەنە لە نێوان بڕگەکانی شوناسی ئەکادیمی و قۆناغی خوێندن

| گۆڕاو | ژ | سەرچاوە جیاوازەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | بەهای (T) | نمرەی ئازاد (df) | بەهای (F) | جیاوازی ٩٥% | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغ | ٥٠٠ | لە نێوان گرۆپدا | ٠ ,٠٣٦ | ٠,٠٣٩ | ١,٠٧٧ | ٤٩٨ | ١,٣٢٠ | – ٠,٠٣٢ | ٠٢٥ ١,٠ |
| | | لە ناو گرۆپدا | ٠ ,٠٣٦ | ٠,٠٣٩ | ١,٠٧٧ | .٤٩٤ ٥٣٢ | – | – ٠,٠٣٢ | |

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی ئاماری هەیە لە ئاستی بەڵگەیی(٠,٠٥)لە نێوان تێکرای نمرەکانی قۆناغی یەکەم و قۆناغی چوارەمدایە،لە پیوەری شوناسی ئەکادیمیدا، بە جیاوازی ئاستی نمرەی (بەرز – نزمی) بە پێی ئاراستەی قۆناغەکانی خوێندن لە شوناسی ئەکادیمیدا دەرناکەوێت و،بەهای(F)دەکاتە(١,٣٢٠)بە بەڵگەی مەعنەوی(٠,٢٥١)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەی(٠,٠٥)بە نمرەی ئازادی(٤٩٨)و ناوەندی جیاوازییان وەکو یەکە، بە بەراورد

توێژینەوەی(لطفی،٢٠٢٠)پێیوایە جیاوازی ئاماری بەڵگەدار لە شوناسی ئەکادیمی و ڕەهەندەکان لە ڕەگەزی(نێر،مێ)و ئاستی ئەکادیمی(ساڵی یەکەم،ساڵی کۆتایی)دا و،توێژەر بۆ توێژینەوەکەی پێیوایە ئەم ئەنجامە دەگێڕێتەوە بۆ بوونی جیاوازی لە نێوان قۆناغەکانی خوێندندا،لەبەرئەوەی لادانی پێوەری بۆ خوێندکارانی قوناغی چوارەم بەرزترە لە لادانی پێوەری بۆ قۆناغی یەکەم، ئەمەش مانای ئەوەیە سروشتیە کە جیاوازی هەیە لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی قۆناغی چوارەم لەسەر هەست کردنی خوێندکارانە بۆ پێوەری شوناسی ئەکادیمی.بۆ زیاتر خستنەڕووی داتاکانی توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە دەرهێنانی تاقیکردنەوەی شیکاری یەک ئاراستە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان قۆناغەکانی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕەهەندەکانی شوناسی ئەکادیمی و،ڕێژەی گشتی نموونەی کۆمەڵگە(٥٠٠)خوێندکارە و،دوای خستنەڕووی ئەنجامەکان بۆ نمونەی گشتی کۆمەڵگەکە و,لە خشتەی(١١)ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (١١)**

**شیکاری یەک ئاراستە(Anova) بۆ جیاوازی لە ڕەهەندەکانی شوناسی ئەکادیمی**

| ڕەهەند | سەرچاوە جیاوازەکان | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارگۆشەکان | بەهای (F) | بەهای ئەگەری | بەهای خشتەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی یەکەم | لە نێوان گرۆپدا | ٣,٦٠٧ | ١ | ٣,٦٠٧ | ١١,٨٦٢ | ٠,٠٠١ | ٢,٦ |
| | لە ناو گرۆپدا | ١٥١,٤٣٠ | ٤٩٨ | ٠,٣٠٤ | | | |
| | کۆی گشتی | ١٥٥,٠٣٧ | ٤٩٩ | | | | |
| ڕەهەندی دووەم | لە نێوان گرۆپدا | ٠,١٢٧ | ١ | ٠,١٢٧ | ٠,٦١٦ | ٠,٤٣٣ | ٢,٦ |
| | لە ناو گرۆپدا | ١٠٣,٠٥٦ | ٤٩٨ | ٠,٢٠٧ | | | |
| | کۆی گشتی | ١٠٣,١٨٣ | ٤٩٩ | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی سێیەم | لە نێوان گرۆپدا | ١,٩٥٥ | ١ | ١,٩٥٥ | ٥,٠٣٨ | ٠,٠٢٥ | ٢,٦ |
| | لە ناو گرۆپدا | ١٩٣,٢٦٠ | ٤٩٨ | ٠,٣٨٨ | | | |
| | کۆی گشتی | ١٩٥,٢١٥ | ٤٩٩ | | | | |
| ڕەهەندی چوارەم | لە نێوان گرۆپدا | ٣٢٨,٧٨٣ | ٤٩٨ | ٠,٦٦٠ | ٥,٦٣٦ | ٠,٠١٨ | ٢,٦ |
| | لە ناو گرۆپدا | ١٩٥,٢١٥ | ٤٩٩ | | | | |
| | کۆی گشتی | ٩,٤١ | ١ | ٩,٤١ | | | |
| پێوەرەکە بە گشتی | | ٦٤٨,٦٥ | ٤٩٩ | | ٢٣,١٥٢ | ٠,٤٦٧ | ٢,٦ |

لە خشتەی(١١)بە دیاردەکەوێت کە بەهای(F)ی هەژمارکراو بۆ هەر چوار ڕەهەندەکە گەورەترە لە بەهای(F)ی خشتەی لە ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥)لە پێوەری شوناسی ئەکادیمیدا و،جیاوازی بەڵگەداری لە پێوەری شوناسی ئەکادیمیدایە و ئەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە نێوان خوێندکاراندا، کە پێی قۆناغی خوێندن لە شوناسی ئەکادیمی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەرفراوانترە ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە خێزانەکان لە ئاستی وشیاری بەرزدانە یاخود شێوازی باوان کاریگەریان لەسەر خوێندنی ئەکادیمی خوێندکارانە کە لە پرۆسەی خوێندندا ڕووبەڕووی دەبنەوە بە تایبەت لە کەسێتی و هاوڕێ و مامۆستا و کۆمەڵگدا بەردەستەیە،بە پێی قۆناغ لە پێوەری ڕەهەندەکانی شوناسی ئەکادیمیدا بە بەراوردکردن بە توێژینەوەی(سعید و ئەوانی تر، ٢٠٢٢)و(ئەلزوبەیدی، *ئەوانی تر*،٢٠١٥)کە هاوڕا بوون لە ئەنجامەکانی کە لە قۆناغی خوێندندا.

**٢.شوێنی نیشتەجێبوون:(ناوەوەی شار، دەرەوەی شار) :**

بۆ دڵنیابوون لە جیاوازی شوێنی نیشتەجێبوون لە نێو خوێندکارانی(ناوەوەی شار و دەرەوەی شار)بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆیی و،ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمونەی توێژینەوەکە بە پێی شوناسی ئەکادیمی بۆ شوێنی نیشتەجێبوون دەرهێنرا

و،ژمارەی خوێندکارانی ناوەوەی شار (٢٦٠)خوێندکارە،ناوەندەژمێرەیی بۆ خوێندکارانی ناوەوەی شار گەیشتە(٣,٤١)و لادانی پێوەری گەیشتە(٠,٤٠١)و ناوەندەژمێرەیی خوێندکارانی دەرەوەی شار دەکاتە(٣,٤١)ولادانی پێوەری(٠,٤٠٤)و خوێندکارانی دەرەوەی شار کە ژمارەیان(٢٤٠)خوێندکارە و،دوای دەرکەوت،کە بەهای تائی هەژمارکراو دەکاتە(٠,٠١١)بچووکترە لە بەهای خشتەیی(١,٩٦)لە ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥) و ئەمەش ئاماژەیە بە نەبوونی جیاوازی لە نێوان خوێندکارانی ناوەوەی شار و دەرەوەی شار بە پێی شوناسی ئەکادیمی وەک لەخشتەی(١٢)خراوەتەڕو.

**خشتەی(١٢)**

**سەرچاوەی جیاوازی لە شوێنی نیشتەجیبوون بە پێی(شوناسی ئەکادیمی)**

| ژ | سەرچاوە جیاوازەکان | ناوەند ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای (T) | نمرەی ئازاد (df) | بەهای (F) | جیاوازی ٩٥% نزم | جیاوازی ٩٥% بەرز | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠٠ | لە نێوان گرۆپدا | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٣٦ | ٠,٠١١ | ٤٩٨ | ٠,٠٥ | -٠,٠٧-. | ٠,٠٧١ | بەڵگەیی نیە |
| | لە ناو گرۆپدا | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٣٦ | ٠,٠١١ | ٤٩٤,٢١٨ | - | -٠,٠٧-. | ٠,٠٧١ | |

لە خشتەی(١٢)دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو نیە لە ئاستی بەڵگەیی لە (٠,٠٥)نێوان تێکرای نمرەکانی خوێندکارانی ناوەوەی شار و دەرەوەی شارەدا بە پێی قۆناغی خوێندن بۆ شوێنی نیشتەجێبوون لە پێوەری شوناسی ئەکادیمیدا، بە جیاوازی ئاستی نمرەی(بەرز – نزمی)کە ئاراستەی قۆناغەکانی خوێندن بۆ خوێندکارانی ناوەوەی شار و دەرەوەی شار لە پێوەری شوناسی ئەکادیمیدا کراوە و، دەرکەوت کە بەهای(F)دەکاتە(٠,٠٥)و بەڵگەی مەعنەوی(٠,٩٤٣)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەی(٠,٠٥)بە نمرەی ئازادی(٤٩٨)و جیاوازی ناوەندییان وەکو یەکە، توێژەر پێیوایە ئەم ئەنجامە دەگەڕاێتەوە بۆ نەبوونی جیاوازی لە نێوان قۆناغەکانی خوێندنە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون،لەبەرئەوەی لادانی پێوەری بۆ خوێندکارانی قوناغی چوارەم بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شار بەرزترە لە لادانی پێوەری بۆ خوێندکارانی قۆناغی یەکەم بە پێی دەرەوەی شار،لە کاتێکدا ناوەندەژمێرەییان وەکو یەکە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جیاوازی نیە لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی قۆناغی چوارەم بۆ بەرژەوەندی خوێندکارانی دەرەوەی شار،بە پێی هەستکردنی خوێندکارانە بۆ پێوەری شێوازی شوناسی ئەکادیمی و، جیاوازی بەڵگەداری نیە بۆ دەرهێنانی شوێنی نیشتەجێبوون لە خشتەی(١٣)خراوەتەڕوو.

خشتەی (١٣)

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەکانی قۆناغەکانی خوێندن بۆ شوناسی ئەکادیمی

| گۆڕاو | بژاردە | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای تائی ( T ) | بەڵگەی ئاماری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نیشتەجێبوون | ناوەوەی شار | ٢٦٠ | ٣,٤١ | ٠,٤٠١ | ٠,٠٢٥ | بەڵگەداری نیە |
| | دەرەوەی شار | ٢٤٠ | ٣,٤١ | ٠,٤٠٤ | ٠,٠٢٦ | |

**٣.بە پێی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان:** بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامی توێژینەوەکە و ،بۆ دەرهێنانی ئامرازە ئامارییەکان بۆ جیاوازی نێوان زانکۆکان لە بەشی باخچەی منداڵان، توێژەر هەستاوە بەم ئامرازانەی لای خوارەوە :

**یەکەم :بە بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن :** بۆ دڵنیابوون لە جیاوازی نێوان زانکۆکان،توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆنی بەکارهێنا و ،بۆ هەر زانکۆیەک(١٠٠)فۆرمی بە شێوەی پرسیارنامە ئاراستەی خوێندکارانی کردووە و ،دوای دۆزینەوەی هاوکۆڵکەی پەیوەندی لە نێوان زانکۆکان بۆ برگەکانی شوناسی ئەکادیمی و ،ئەنجامەکەی ئاماژەیە کە جیاوازی هەیە لە نێوان زانکۆکاندا، بەڵگەدارە بە ئاستی ئاماری(٠,٠٥)لە خشتەی(١٤)خراوەتە ڕوو.

خشتەی (١٤)

هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ پەیوەندی زانکۆکان بە پێی(شوناسی ئەکادیمی)

| ژ | نموونە | زانکۆکان | سەلاحەدین | کەلار | هەڵەبجە | سلێمانی | ڕاپەڕین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٠٠ | سەلاحەدین | ١ | | | | |
| ٢ | ١٠٠ | کەلار | ٠ | ١ | | | |
| ٣ | ١٠٠ | هەڵەبجە | ٠ | ٠ | ١ | | |
| ٤ | ١٠٠ | سلێمانی | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | |
| ٥ | ١٠٠ | ڕاپەڕین | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |

لە خشتەی(١٤)دەردەکەوێت،کە دوای دەرهێنانی هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون،جیاوازی هەیە لە ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە پێی خوێندنی ئەکادیمی، وەکو دیارە زانکۆی سەلاحەدین

له ئاستی یەکەمدایە،دواتر زانکۆی گەرمیان ،دواتر هەڵەبجە و پاشان سلێمانی و ڕاپەڕین دێت و،ڕێـژەی هـاوکۆڵکەی پەیوەسـتبوونی پێرسـۆن گەیشـتە(١)بە ئاسـتی بەڵگەیـی(٠,٠٥)کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیانە پێکەوەیە و، دەرکەوتـووە پەیوەندییەکان یەک بە دوای یەک دەست نیشـانکراوە و پەیوەنـدیی هەر زانکـۆیەک لەگەڵ زانکـۆیەکی دیکـدا بەو شـێوەیە کە ئاسـتی زانکۆیەک بەرزتر بێت و ئەوانەی دیکەیش بەرزتر دەبێەوە.

**دووەم : بە بەکارهێنانی شیکاری یەک ئاراستە(Anova)بۆ جیاوازی نێوان زانکۆکان :**

بـۆ دڵنیـابوون لە نمـونەی تـوێژینەوەکە و زیـاتر خسـتنەڕووی داتاکـانی نمـونەکە کە له(٥٠٠)خوێندکار پێکهاتبوو بۆ نمونەی توێژینەوەکە،لە کۆی گشتی زانکۆکان و،توێژەر بۆ هەر زانکۆیەک(١٠٠)فۆرمی پرسیارنامەی ئاراستەی هەر پێنج زانکۆکان کردووە، بە پێی جیاوازی زانکۆکان بۆ شوناسی ئەکادیمی و، پاشان توێژەر بە دەرهێنانی تاقیکردنەوەی ئاماری(**Anova**)بۆ شیکاری یەک ئاراستە کە ئەنجامدراوە،دەرکەوت بەهای(F)بۆ ڕەهەندی یەکەم گەیشتە(٣,٤٢٩)لە ئاستی بەڵگەیی(٠,٠٥)و کـۆی چوارگۆشـەکان لە نێوان گروپدا گەیشـتە(٩٤٠,٦١٢)و بـۆ نـاو گـروپ گەیشـتە (٣٣٩٤٢,٦١٠)و کـۆی گشـتی بـۆ نمرەکـانی گرۆپەکـان(٣٤٨٨٣,٢٢٢)خراوەتەڕوو،نمـرەی ئـازادی بـۆ هەمـوو گـۆڕاوەکە(٤٩٩)و ناوەنـدی چوارگۆشـەکان لە نێـوان گرۆپەکـان(٢٣٥,١٥٣)بـۆ نـاو گرۆپەکـان دەکـاتە(٦٨,٥٧١) بە گشـتی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوەکاندا هەیە، بۆ بەهای(F)بۆ ڕەهەندی دووەم گەیشتە(١,١٢٤)لە ئاستی بەڵگەیی(٠,٠٥)و کـۆی چوارگۆشـەکان لە نێـوان گرۆپـدا گەیشتە(٢٠٨,٩٤٨)و بـۆ نـاو گـرۆپ بەهـاکەی گەیشـتە(٢٣٠٠٣,٧٨٠)و کـۆی گشـتی بـۆ نمرەکـانی هەمـوو گرۆپەکـان (٢٣١١٢,٧٢٨)خراوەتەڕوو،نمرەی ئازادی بۆ هەموو گۆڕاوەکان (٤٩٩)و ناوەندی چوارگۆشەکان لە نێوان گرۆپەکان(٥٢,٢٣٧)بۆ ناو گرۆپەکان دەکاتە(٤٦,٤٧٢) بە گشتی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوەکدا هەیە،بـۆ بەهـای(F)بـۆ ڕەهەنـدی سـێیەم (١,٩٨١)لە ئاستی بەڵگەیـی(٠,٠٥)و کـۆی چوارگۆشـەکان لە نێوان گرۆپدا گەیشتە(٦٩٢,٠٠٨)و بۆ ناو گرۆپ گەیشتە(٤٣٢٣١,٤٧٠)و کۆی گشتی بۆ نمرەکانی گرۆپەکان(٤٣٩٢٣,٤٧٠)خراوەتەڕوو،نمرەی ئـازادی(٤٩٩)و ناوەنـدی چوارگۆشـەکان لە نێـوان گرۆپەکـان(١٧٣,٠٠٢)بـۆ نـاو گرۆپەکـان دەکـاتە(٨٧,٣٣٦) بە گشـتی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوەکدا هەیە و،بۆ بەهای(F)بۆ ڕەهەندی چوارەم کە بەهاکەی (٣,١٧٣)لە ئاستی بەڵگەیی(٠,٠٥)بەڵگەدارە،و کۆی چوارگۆشەکان لە نێوان گرۆپدا گەیشتە(١٨٧٠,١٤٠)و بـۆ نـاو گـرۆپ گەیشـتە(٧٢٩٤٣,٢٥٠)و کـۆی گشـتی بـۆ نمرەکـانی گرۆپەکـان گەیشتە(٧٤٨١٣,٣٩٨)خراوەتەڕوو،نمرەی ئازادی(٤٩٩)و ناوەندی چوارگۆشەکان نێوان گرۆپەکان



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

گەیشتە(٤٦٧,٥٣٧)بۆ ناو گرۆپەکان گەیشتە(١٤٧,٣٦٠)بە گشتی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوەکاندا هەیە،لە خشتەی(١٥)خراوەتەڕوو.

**خشتەی (١٥)**

**تاقیکردنەوەی شیکاری یەک ئاراستە(Anova) بۆ جیاوازی نێوان ڕەهەندەکان و زانکۆکان**

| ڕەهەند | سەرچاوە جیاوازەکان | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارگۆشەکان | بەهای (F) | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی یەکەم | لە نێوان گرۆپدا | ٩٤٠,٦١٢ | ٤ | ٢٣٥,١٥٣ | ٠,٠٠٩ | ٣,٤٢٩ |
| | لە ناو گرۆپدا | ٣٣٩٤٢,٦١٠ | ٤٩٥ | ٦٨,٥٧١ | | |
| | کۆی گشتی | ٣٤٨٨٣,٢٢٢ | ٤٩٩ | | | |
| ڕەهەندی دووەم | لە نێوان گرۆپدا | ٢٠٨,٩٤٨ | ٤ | ٥٢,٢٣٧ | ٠,٣٤٤ | ١,١٢٤ |
| | لە ناو گرۆپدا | ٢٣٠٠٣,٧٨٠ | ٤٩٥ | ٤٦,٤٧٢ | | |
| | کۆی گشتی | ٢٣١١٢,٧٢٨ | ٤٩٩ | | | |
| ڕەهەندی سێیەم | لە نێوان گرۆپدا | ٠٠٨.٦٩٢ | ٤ | ١٧٣,٠٠٢ | ٠,٠٩٦ | ١,٩٨١ |
| | لە ناو گرۆپدا | ٤٧٠.٤٣٢٣١ | ٤٩٥ | ٨٧,٣٣٦ | | |
| | کۆی گشتی | ٤٧٠.٤٣٩٢٣ | ٤٩٩ | | | |
| ڕەهەندی چوارەم | لە نێوان گرۆپدا | ١٤٠.١٨٧٠ | ٤ | ٤٦٧,٥٣٧ | ٠,٠١٤ | ٣,١٧٣ |
| | لە ناو گرۆپدا | ٢٥٠.٧٢٩٤٣ | ٤٩٥ | ١٤٧,٣٦٠ | | |
| | کۆی گشتی | ٧٤٨١٣,٣٩٨ | ٤٩٩ | | | |

له خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت بۆ شوناسی ئەکادیمی ئەنجامدراوە کە بۆ نمرەکانی جیاوازییەکان دەستنیشانکراوە و، توێژەر بۆ دەرخستن ودۆزینەوەی جیاوازییەکە و خستنەڕووی جیاوازی نێوان ڕەهەندەکان بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و،بە گرتنەبەری تاقکیردنەوەی(LSD)بۆ دۆزینەوەی هۆکاری جیاوازییەکەی،کە لە **گرۆپی یەکەمدا** کە بۆ ڕەهەندەکانی(شوناسی ئەکادیمی بە دیهێنراو)دەرکەوت جیاوازی هەیە لە نێوان زانکۆکانی(سەلاحەدین و کەلار و هەڵەبجە و سلێمانی و ڕاپەڕین)ئەنجامدراوە و، لە ئاستی مەعنەویدا جیاوازییەکە دەرکەوتووە و، لە ڕووی ئاستی ئامارییەوە لە ئاستی(٠,٠٥)بەڵگەدار نیە و،**گرۆپی دووەم** بۆ(ڕەهەندی شوناسی ئەکادیمی هەڵپەسێردراو)ئەنجامدراوە دەرکەوت،جیاوازی هەیە لە نێوان گۆڕاوی زانکۆکان کە ئەنجام دراوە و،جونکە لە ئاستی مەعنەویدا جیاوازییەک دەرکەوتووە و، جیاوازی لە ئاستی ئامارییەوە جونکە لە ئاستی(٠,٠٥)بەڵگەدارە و،**گرۆپی سێیەم** بۆ(ڕەهەندی شوناسی ئەکادیمی داخراو)ئەنجامدراوە دەرکەوت، جیاوازی هەیە لە نێوان گۆڕاوی ڕەهەندەکانی شوناسی ئەکادیمی بە پێی زانکۆکان و، لە ئاستی زانکۆی ڕاپەڕین بۆ ڕەهەندەکان لە ئاستی نەگەتیڤدا بینراوە، لە ڕووی ئاستی ئامارییەوە لە ئاستی(٠,٠٥)گەورەترە و، **گرۆپی چوارەم** بۆ(ڕەهەندی شوناسی ئەکادیمی داخراو)دەرکەوت، جیاوازی هەیە لە نێوان گۆڕاوی ڕەهەندەکانی شوناسی ئەکادیمی بە پێی زانکۆکان و،لە ئاستی زانکۆی ڕاپەڕین بۆ ڕەهەندەکان لە ئاستی نەگەتیڤدا دەرکەوتووە، لە ڕووی ئاستی ئامارییەوە لە ئاستی(٠,٠٥)گەورەترە و بەڵگەدارە،بۆ ستوونی چوارەم کە هەڵەی ستانداردە خراوەتەڕووو،کەمترین و زۆرترین نێوانیان بۆ گرۆپی ڕەهەندی یەکەم خراوەتەڕوو کە لە ئاستی نەگەتیڤدا دەرکەوتووە و،بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێرییەکان لە بەرژەوەندی زانکۆکان و،کەمترین و زۆرترین نێوانیان بۆ گۆڕاوی گرۆپی ڕەهەندی دووەم خراوەتەڕووە کە لە ئاستی پۆزەتیڤدا دەرکەوتووە و،لە زانکۆی ڕاپەڕین و سلێمانی جێگەی متمانەی نیە بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێرییەکان و، کەمترین و زۆرترین نێوانیان بۆ گۆڕاوی گرۆپی ڕەهەندی سێیەم خراوەتەڕوو کە لە ئاستی پۆزەتیڤدا دەرکەوتووە، متمانەیە بۆ جیاوازی ناوەندەژمێرییەکان لە بەرژەوەندی زانکۆکانە و،گرۆپی ڕەهەندی چوارەم خراوەتەڕووە لە ئاستی پوزەتیڤدا بینراوە و،زانکۆی ڕاپەڕین و سلێمانی جیگەی متمانە نیە جونکە لە ئاستی نەگەتیڤدا دەرکەوتووە.

## دووەم : ئەنجامی توێژینەوەکە :

**لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :**

١.جیاوازی هەیە لە ئاستەکانی شێوازی شوناسی ئەکادیمیدایە بە پێی قۆناغی خوێندن لای خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان لە بەشی باخچەی منداڵان بۆ شوناسی ئەکادیمی کە لە ئاستی ناوەندیدایە.

٢.بەرزترین پلە لە ئاستی ڕەهەندی شوناسی ئەکادیمی بە دیهێنراو کە پلەی بەرزی بۆ ڕەهەندەکە داریژراوە بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، جونکە ڕێژەی خوێندکارانی لە پلەی ناوەندییدایە بۆ بە دیهێنانی کارە ئەکادیمی و شاراوەکانی ژیانیان و بەردەوامبوونی خوێندنی ئەکادیمیان،ڕەهەندی شوناسی ئەکادیمی داخراو کە لە ئاستی خوارەوەدایە بە پێی قۆناغی خوێندنی ئەکادیمی، جونکە زۆربەی خوێندکاران لە ڕەگەزی مێ.

٣. نزمترین ئاست کە بۆ شێوازی شوناسی ئەکادیمی خراوەتەڕوو بۆ(ڕەهەندی شوناسی ئەکادیمی پەشێو)لە ئاستێکی نزمدایە،جونکە توێژەر پێیوایە پرۆسەی خوێندنی ئەکادیمی لە زانکۆکاندا تەنها بۆ پەیوەندییە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا،ئەمەش هۆکاریکە بۆ پەشێوی خوێندکاران لە زانکۆکانە، کە ئەمەش بوەتە مایەی پەرتەوازی و پشێوی ژیانی خوێندکاران لە بەشی باخچەی منداڵان.

٤.جیاوازی هەیە بۆ شوناسی ئەکادیمی بە پێی قۆناغی یەکەم و قۆناغی چوارەم لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانە و، ناوەندییان وەکو یەکە، کە بە پێی هەستکردنی خوێندکارانە، کە بۆ ئەم پێوەرە ڕێژەییان زیاد و کەم دەکرێت و، جیاوازییەکە لە نێوان ڕەهەندەکانی شوناسی ئەکادێمیدایە بەجیاوازییەکی بەرفراوان دائەنرێت،ئەمەش لەبەرئەوەیە کە خێزانی خوێندکارەکانی زانکۆ و ئاستی وشیاربوونی باوانیان لە ئاستێکی باشدایە و،ڕەنگدانەوەیان لە خوێندن و شێوازی خوێندنی خوێندکاراندا هەیە، بۆیە جۆرێک لە هاوسەنگی ڕاگێراوە بە پێی قۆناغی خوێندن لە زانکۆکانە.

٥. جیاوازی نیە لە شێوازی شوناسی ئەکادیمیدایە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ناوەوەی شار و دەرەوەی شار و، ڕێژەکەیان تا ڕادەیەک نزیکە لە یەکەوە زیادترە بۆ دەرەوەی شار و، ئاماژەیە کە ڕێژەی نیشتەجێبوون لە ناوەوەی شار جیاوازترە لە دەرەوەی شار،جونکە شوێنی نیشتەجێبوونی خوێندکاران هیچ کاریگەری لەسەر شوناسی ئەکادیمی نیە.

٦.جیاوازی هەیە لە ڕەهەندەکانی شێوازی شوناسی ئەکادیمیدایە بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و، زانکۆی سەلاحەدین بە پلەی یەکەم دێت و،دواتر کەلار و هەڵەبجە و سلێمانی و ڕاپەڕین دێت بە پێی ئەم گۆڕاوەیە و، ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیاوازی بە پێی قۆناغ و شوێنی نیشتەجێبوون کە لە زانکۆکاندا بوونی هەیە و،پەیوەندییەکی ڕاستەوانەییان پێکەوە بە پێی نمونەی گشتی توێژینەوەکە کە لە نێوان زانکۆکاندایە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**سـێیەم : پێشـنیارەکانی تـوێژینەوەکە** :بە پشـت بەسـتن بە ئەنجامەکـانی تـوێژینەوەکە تـوێژەر پێشنیاری ئەمانەی خوارەوەی کردووە :

١. تیشک خستنە سەر گرنگدانی خوێندکاران بۆ گەیشتن بە خوێندنی ئەکادیمی بۆ خوێندکاران لە ڕێگەی یەکەکانی دەروونییەوە هانبدرین بۆ ئەوەی هەست بە بوونی خۆیان بکەن و گەشە بە تواناکانیان بدرێت,دوور بن لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان.

٢.چـالاککردنی ڕۆڵـی لیژنەکـانی ڕێنمـایی و دەروون لە کـۆلێجە پەروەردەییەکانـدا بـۆ ئەوەی چارەسەری گرفتەکانی خوێندکاران بکرێت و کەم بکرێتەوە و، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی شوناسی ئەکادیمی لە ناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/لە بەشی باخچەی منداڵان بەرفراوانتر بێت, بۆ ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا بەهێز بێت.

٣.ئەنجامدانی توێژینەوەیک بۆ دەستنیشانکردنی بە پەیوەندی بە گۆڕاوەکانی دیکەوە،وەك پاڵنەری دەستکەوتە ئەکادیمییەکان،ڕێزگرتنی خود،بنیادنانی هەرزەکاری خوێندکار ،نەرمی خود، شوناسی ئەکادیمی و ژینگەی فێربوون.

**چوارەم :ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە :**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخرێتەڕوو :

١. ڕێکخستنی هەڵمەتی وشیارکردنەوەی خێزان بۆ بەدیهێنانی ڕەهەندەکانی شێوازی شوناسی ئەکادیمی لە بواری پەروەردەیی و زانستیدا،بۆ ئەوەی خوێندکاران لەگەڵ مامەڵەکردن و بارودۆخی قۆناغی خوێندندا سەرکەوتوو بن و، بە شێوازێکی تەواو گەشە بە توانا و ئامانجە ئەکادیمیەکانی خوێندنیان بدرێت لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانە/لە بەشی باخچەی منداڵانە.

٢. هاندانی ڕێنیشاندەرە کۆمەڵایەتیەکان و پەروەردەییەکان لە کۆلێجە پەروەردەییەکانە بۆ بەشی باخچەی منداڵان بۆ ئەوەی خوێندکارانی زانکۆ لە شێوازەکانی شوناسی ئەکادیمیدا لە بوارە کۆمەڵایەتیەکانە شارەزا بن.

٣. بنیادنانی پرۆگرام و خولی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە ئامانجی ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی دەروونی بۆ خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/لە بەشی باخچەی منداڵان.

**ليستى سەرچاوەكان :**

١.قەرەچەتانى ،كەريم شريف (٢٠٢٣).سايكۆلۆجياى كەسێتى،چاپخانەى( تاران/ئێران )،سلێمانى.

٢.عزيز ،عزادين أحمد(٢٠٢٠).خوێندنەوەيەكى هاوچەرخ بۆ سايكۆلۆژياى گەشە ،چ١ ،كۆلێژى پەروەردە- زانكۆى سەلاحەددين (سەلاحەدين).

٣.عبدالله،هونەر نجيب(٢٠٢٤).چييەتى شوناسى پەيكەرى هاوچەرخ لە هەرێمى كوردستان / عيراقدا،(نامەى ماستەرى بڵاوكراوەتەوە)لە زانكۆى سلێمانى.

٤.زاهد،كاظم محمد (٢٠٢٣).شێوازەكانى مامەڵەكردنى دايك و باوك و پەيوەندييان بە ناسنامەى كۆمەڵايەتييەوە لاى خوێندكارانى زانكۆ،(تێزى دكتۆرايە بڵاوكراوەتەوە)،زانكۆى سلێمانى.

٥.مەعروف،سارا كەمال(٢٠٢٥).رۆڵى زانكۆ تايبەتەكان لە دارشتنى شوناسى كۆمەڵايەتى دا،(توێژينەوەيەكى زانستى مەيدانيە)،لە بڵاوكراوەكانى(دامەزراوەى ڤيژن بۆ توێژينەوەى ستراتيجى).

٦.الزبيدى،والاخرون(٢٠١٧).أساليب الهوية لدى طلبة الجامعة ، الجامعة المستنصرية/كلية التربية/قسم العلوم التربوية و النفسية،ع٢.

٧.گولمحەمەدى،ئەحمەد(٢٠٠٧).بە جيهانيبوون،كلتور،شوناس،لە وەرگێرانى عەوڵا بەهرامى،چ١،چاپخانەى خانى،دهۆك.

٨.محاسنة, أحمد و العظامات, عمر (٢٠١٨). أنماط الهوية الأكاديمية السائدة لدى طلبة الجامعة الهاشمية في ضوء مقياس واس (**Was**)وإساكسون (**Isaacson**)وعلاقتها بالتحصيل الدراسي،المجلة الأردنية في العلوم التربوية، مجلد ١٤،عدد ٢.

٩.لطفي , أسماء محمد السيد(٢٠٢١).الهوية الأكاديمية وعلاقتها ببعض المتغيرات النفسية لدى طلبة الجامعة, مجلة التربية , كلية التربية, جامعة الأزهر ،العدد:( ١٨٩)( الجزءالثاني )،يناير.

١٠. زايد، خالد.(٢٠١٣).ألهوية النفسية و علاقتها بكل من الحكمة والتعصب لدى الطلبة الجامعيين ، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة اليرموك،اربد،الأردن .

١١. عساف، يسرا و أبو بطنين، فريال(٢٠٠١).توظيف الدراما في عملية التدريس، مجلة رؤى تربوية، العدد الخامس ٣٤-٣٧.

١٢. عقلة، تماره محمود عقله(٢٠١٦).حالة الهوية النفسية السائدة لدى طلبة كلية العلوم التربوية فى جامعة جرش فى ضوء بعض المتغيرات ، المجلد السادس والعشرون ، مجلد كلية التربية – جامعة الإسكندرية– العدد السادس ، الجزء الإول.

١٣. البدارين ،غالب سلمان وغيث ، سعاد منصور(٢٠١٣).الأساليب الوالدية وأساليب الهوية والتكيف الأكاديمي كمتنبئات بالكفاءة الذاتية لدى طلبة الجامعة الهاشمية ، المجلة الأردنية في العلوم التربوية المجلد ٩ العدد ١ .

14. Adams, G., Dyk, P., & Bennion, L. (1987).Parent–adolescent relationships and identity formation.Family Perspective, 21, 249–260.

15. Berzonsky , M, D, (١٩٩٢) , Identity Style and Coping strategies , Journal of Personality , ٦٠ , p: ٧٧١ – ٧٨٨ .

16. Berzonsky ,M,D,(2004),Identity Style, Parental authority, and Identity Commitment, Journal of youth and Adolescent,33(3), 213- 220 .

17. DECANDIA,GABRIELA M (2014) RELATIONSHIPS BETWEEN ACADEMIC IDENTITY AND ACADEMIC ACHIEVEMENT IN LOW-INCOME URBAN ADOLESCENTS..

18. Hofstede G. (1980). Culture's Consequences. Beverly Hills, CA: Sage.

19. Luyckx ,K, Schwartz , S.J , Berzonsky , M,D, Soenens , B. , M. , Smiths , (2008) Capturing ruminative and loration : Extending the four – dimensional of identity for mation in late adolescelity . Journal of Research in Personslity , 42 , 58 – 82 .

20. Marcia, J. (1980). Identity in Adolescence. In J. Adelson (Ed.), Handbook of Adolescent Psychology. New York: Wiley.

21. Mezirow, J. (2000). Learning to think like an adult: Core concepts of transformation theory.In J. Mezirow & Associates (Eds.), Learning as transformation: Critical perspectives on a theory in progress (pp. 3–33). San Francisco, CA: Jossey-Bass.

22. Triandis, H. (1989). The self and social behavior in differing cultural contexts. Psychology Review, 96, 506-520.

List of sources :

1. Karachetani, Karim Sharif (2023). Personality Psychology, Tehran/Iran Printing House, Sulaimani.

2. Aziz, Ezadin Ahmed (2020). A Contemporary Reading of Developmental Psychology, Vol. 1, College of Education, Salahaddin University (Salah al-Din).
3. Abdullah, Hunar Najib (2024). The Identity of Contemporary Sculpture in the Kurdistan Region / Iraq, (Master's thesis published) at Sulaimani University.
4. Zahid, Kazim Mohammed (2023). Parents' behavior and their relationship with social identity among university students, (Published doctoral thesis), Sulaimani University.
5. Ma'roof, Sara Kamal (2025). The role of private universities in shaping social identity, (a scientific field research), published by (Vision Institute for Strategic Research).
6. Al-Zubaidi, Al-Akhrun (2017). Identity methods for university students, Al-Mustansiriyah University / Faculty of Education / Department of Educational and Psychological Sciences, Vol.
7. Gulmohammadi, Ahmad (2007). Globalization, Culture, Identity, translated by Awla Bahrami, vol. 1, Khani Printing House, Duhok.
8.
Mahasneh, Ahmad and Al-Azamat, Omar (2018). Prevailing Academic Identity Patterns among Hashemite University Students in Light of the Wass and Isaacson Scales and Their Relationship to Academic Achievement, Jordanian Journal of Educational Sciences, Volume 14, Issue 2.

9. Lotfi, Asmaa Muhammad Al-Sayed (2021). Academic Identity and Its Relationship to Some Psychological Variables among University Students, Journal of Education, Faculty of Education, Al-Azhar University, Issue: (189) (Part Two), January.

10. Zayed, Khalid (2013). Psychological Identity and Its Relationship to Both Wisdom and Intolerance among University Students, Unpublished Doctoral Dissertation, Yarmouk University, Irbid, Jordan.

11. Assaf, Yusra and Abu Batnin, Ferial (2001). Employing Drama in the Teaching Process, *Educational Visions* Journal, Issue 5, pp. 34-37.

12. Aqla, Tamara Mahmoud Aqla (2016). The Prevailing Psychological Identity Among Students of the Faculty of Educational Sciences at Jerash University in Light of Some Variables, Volume 26, Faculty of Education Journal, Alexandria University, Issue 6, Part 1.

13. Al-Badareen, Ghaleb Salman and Ghaith, Suad Mansour (2013). Parenting Styles, Identity Styles, and Academic Adjustment as Predictors of Self-Efficacy Among Students of the Hashemite University, *The Jordanian Journal of Educational Sciences*, Volume 9, Issue 1.